دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٠١

www. kurdistanukurd.com

یەك شەممە ١٥ی بەفرانبار ١٣٨٧ - ٤ ی ژانویەی ٢٠٠٩ - ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



**شەڕی ئێران و ئیسرائیل لە فەلەستین**

سیاسی



**"کوردستان" لە باری زمانەوانییەوە پێویستە بگەڕێتەوە دۆخی جاران**

کوردستانی



**"کوردستانی بن خەت" پارچەیەکی پەراوێزخراوی نیشتمان**

کۆمەڵایەتی



**راگەیاندنی گشتی ( ماس مێدیا )ی کوردی و کێشەی یەکسانی**

## هەواڵنێرانی بێ سنوور لە ساڵی ٢٠٠٨یش دا :

# سەرکوتی رۆژنامەنووسان و بڵاوکراوەکان درێژەی هەیە

## سەرکوتی ئازادیی چاپەمەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان

(بەشێك لە بیلانی رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور سەبارەت بە ئازادیی چاپەمەنی لە ساڵی ٢٠٠٨دا)

رێبەرانی ئێران لە ساڵی رابردوش دا تۆمەتبار کردنی چاپەمەنی گەلی سەربەخۆو نەبەستراوە بە رێژیمیان بە "بەستراوەیی" بە ئەمریکاو ئۆرووپا رانەگرت. ئەم پەروەندەسازییە شتێکی دەگمەن نیە، لە خزمەت مەحکوم بە زیندان کردن لە دادگا نادادپەروەرانەو رواڵەتییەکان دایە. لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە تاران یان کوردستان دەیان جار رۆژنامەنووسان تووشی دەستبەسەر کران، مەحکوم کران و راگیرانی بڵاوکراوەکانیان و زیانی قورس بوون.

لە بەشێکی دیکەی ئەم بیلانەدا هاتووە هەرچەند رۆژنامەنووسانی سەر بە باڵی توندڕەو لە چوارچێوەی ئازادیی رواڵەتیدا رەخنەیان لە ئەحمەدی نژاد گرتوە، بەڵام لەم نێوەدا تەنیا رۆژنامەنووسە سەربەخۆکان تێچووی روونبێژیی خۆیان داوە. لە ساڵی ٢٠٠٧دا ئێران هەروا بەندیخانەی رۆژنامەنووسان بوو. لە سەرەتای ژانویەی ٢٠٠٨دا دە رۆژنامەنووس لە زینداندا بوون. هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لە رەشەممەی ١٣٨٧دا دەسپێکی خولێکی دیکەی توندبوونی لەژێر پێنانی ئازادی ئاگایی گەیاندنە.

لە درێژەی ئەم بیلانەدا باس لە رۆژنامەنووسێکی کوردی مەحکوم بە ئێعدام، کراوە کە ئەویش عەدنان حەسەنپوور رۆژنامەنووسی حەوتوونامەی ئاسۆیەو لە ٥ی بەفرانباری ١٣٨٥ەوە دەستبەسەر کراوەو وێڕای رۆژنامەنووسێکی دیکە بە تۆمەتی "هەنگاونان دژی تەناهیی نیشتمانی"، "سیخوڕی"و "دژایەتیی لەگەڵ خودا" بە ئێعدام مەحکوم کران. بەڵام دەگوترێ حوکمی رۆژنامەنووسەکەی دیکە واتە هیوا بوتیمار هەڵوەشاوەتەوە، هەرچەند ئەمە لە لایەن بەرپرسانی دادوەرییەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە.

لە بەشێکی دیکەی بیلانەکەدا باس لەو گوشارانە کراوە کە خراوەتە سەر بڵاوکراوەکان و وەرگیرانەوەی مۆڵەتی دەرچوونی حەوتوونامەی کەرەفتو لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگ و ئێرشادەوە وەك نموونەی روونی سیاسەتی سەرکوتی چاپەمەنی لە قەڵەم دراوەو هەر لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە بەندکرانی دوو رۆژنامەنووسی ئەم حەوتوونامەیە واتە ئاکۆ کوردنەسەب و کاوە جەوانمەرد کراوە کە هەردووکیان حوکمی زیندانی کرانیان بەسەردا سەپاوە. لە درێژەی ئەم بەشەدا باس لە راگیرانی حەوتوونامەی "پەیام مردم کردستان"و دەستبەسەر کران و زیندانی کرانی بەرپرسەکەی واتە محەممەد سەدیق کەبوودوەندو هەروەها هاوکارێکی ئەم حەوتوونامەیە بە ناوی ئیجلال قەوامی کراوەو ئاماژە بەوە کراوە محەممەد سەدیق کەبوودوەندیش لەگەڵ هەمان تۆمەتە باوەکان رووبەروو بۆتەوەو خراوەتە ژێر فشار بۆ ئەوەی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان هەڵوەشێنێتەوە یان راپۆرتی ناڕاست بڵاو بکاتەوە.

## تانکەکانی ئیسرائیل چوونە غەززەوە



سوپای ئیسرائیل شەوی شەممە رایگەیاند کە هێزی زەمینیی وڵاتەکەی هێرشی زەمینی بۆ سەر باریکەی غەززە دەست پێ کردوە. بە پێی راپۆرتی بی بی سی لە کاتێکدا کە بۆردمانی شارەکانی باریکەی غەززە درێژەی هەیە تانکەکانی ئیسرائیلی لە دەروازەی "بیت هانون" تێپەڕین.

ئامانجەکانی چالاکیی زەمینیی ئیسرائیل تارادەیەکی زۆر بە کات و شێوەی بەرەوپێش چوونی چالاکییەکە بەستراوەتەوە. ئامانجێك کە ئیسرائیل بە راشکاوی باسی لێوە کردوە لەنێو بردنی توانای مووشەکیی حەماس و کۆتایی- هێنان بە پەلامارە مووشەکییەکانی سەر باشووری ئیسرائیلە.

بەڵام لە پەنا ئەم سیناریۆیەدا باس لە سێ سیناریۆی دیکەش دەکرێ کە ئەوانیش بریتین لە داگیرکردنی باریکەی نێوان غەززە و میسر لە رەفەح، لەسەر کار لابردنی حەماس لەم ناوچەیەو رادەستکردنی غەززە بە دامودەزگای خودموختاری فەلەستین. وادیارە ئەم سیناریۆیەی دواییان جێگای رەزامەندیی مەحموود عەباس، حوسنی موبارەك و هێندێك لە وڵاتانی عەرەبی بێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە راشکاوی باسی پێویستی یارمەتیدانی حەماس لە باری چەك و چۆڵ و دارایییەوە دەکاو بە وتەی ئیسرائیل ساڵانە نزیکەی سەد تۆن تەقەمەنی بۆ باریکەی غەززە دەنێرێ، هەڕەشەی لە ئیسرائیل کردوە لە داگیرکردنی غەززە خۆ بپارێزێ، ئەگینا تووشی شکستێکی گەورە دەبێ.

# سێ پیاو لە ئێران بەردباران کران



کەمپێنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران رۆژی شەممە(١٤ ی بەفرانبار ) رای گەیاند وەك سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان پشتڕاستیان کردۆتەوە رێکەوتی ٥ی بەفرانبار حوکمی بەردبارانی سێ پیاو لە گۆڕستانی بەهەشتی رەزەویی شاری مەشهەد جێبەجێ کراوە. لە کاتێك دا دووکەس بە هۆی بەردباران گیانیان لە دەست داوە، کەسی سێیەم کە بە رەچەڵەك ئەفغانی بووە، توانیویەتی لە قووڵکەی بەردباران بێتەدەرێ و را بکا، بەڵام تائێستا هەواڵێك لە چارەنوسی ئەو لەدەست دا نیە. بەردبارانەکە لەلایەن مەئموورانی دەوڵەتییەوە ئەنجام دراوە. جێبەجێ کردنی حوکمی بەردباران لەگەڵ قسەی کاربەدەستانی رێژیم دا سەبارەت بە راگیرانی بەردباران ناتەبایی هەیە. بەردباران شێوەیەك لە ئیعدامە کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە دڕندانەو دڵڕەقانەی لە قەڵەم داوە. عەلیرەزا جەمشیدی وتەبێژی دەزگای دادوەری رێکەوتی ١٥ی گەلاوێژی ٨٧ باسی لەوە کرد کە جێبەجێ کردنی حوکمی بەردباران راگیراوە وئیتر بەهیچ شێوەیەك سزای بەردباران جێبەجێ ناکرێ.

ئێرون رادز، وتەبێژی کەمپێنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران پێی لە سەر ئەوە داگرتەوە کە " ئەم چەشنە ئیعدامانە زۆر جێگای داخن چونکە ئەم بەردباران کردنانە نەك هەر لە ژێر پێنانی چاوپۆشی لێنەکراوی مافەکانی مرۆڤ و سووکایەتی بە وێژدانی مرۆیین بەڵکوو راستی ئیدعاکانی دەوڵەتیش دەبەنە ژێر پرسیار."

### پلۆمپی بنکەی ناوەندی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ

# نارەزایەتیی بەرینی لێ کەوتەوە

Defenders of Human Rights Center

پلۆمپ کرانی بنکەی ناوەندی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ رۆژی یەك شەممە (١ی بەفرانباری)دا لە لایەن هێزە ئینتیزامی و ئەمنییەتییەکان ئەویش بە بێ بڕیاری دادوەر نارەزایەتیی چالاکانی مەدەنی و بزووتنەوەی ژنان و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی لێ کەوتەوە. لەم پێوەندییەدا ٥٠٠کەس لەو چالاکانە بە بڵاو کردنەوەی بەیاننامەیەك خوازیاری لابرانی پلۆمپی ئەم بنکەیە و درێژەی چالاکییە مرۆڤ دۆستانە و مافخوازانەکەی ناوەندی ناوبراو بوون و رایان گەیاندوە داخستنی بنکەی ئەم ناوەندە رێگای مافخوازی ناگرێ و دەنگی نەتەوەکان لە دەنگی حکومەتەکان بەهێزترە.

بان گی مون سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتوەکانیش بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی توندی خۆی ، داوای لە حکومەتی ئێران کردوە کۆتایی بە ئازار و ئەزیەتی شیرین عیبادی بێنێ.

ناوەندی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ ساڵی ١٣٧٩ دەستبەکار بووە و داوای مۆڵەتی یاسایی کردوە بەڵام تا ئێستا وڵامی نەدراوەتەوە،. شیرین عیبادی براوەی خەڵاتی ئاشتی نوبێل سەرۆکایەتیی ئەم ناوەندە دەکا.

# ٤٢ کەس لە فرۆشیارانی مادە سڕکەرەکان لە کوردستان ئازاد دەکرێن




لە کاتێك دا کە رۆژانە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد بەرەو بەندیخانەکانی رێژیمی ئیسلامی راکێش دەکرێن، ٤٢ کەس لە فرۆشیارانی مادە سڕکەرەکان لە زیندانەکانی پارێزگای سنە ئازاد کران.

خوێندکارانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤی کوردستان لە زاری بەرپرسانی دادوەری پارێزگای سنەوە رایانگەیاند کە ٤٢ کەس لە فرۆشیارانی سەرەکیی مادە سڕکەرەکان لە بەندیخانەکانی ئەو پارێزگایە ئازاد کران.

لە کاتێك دا ٤٢ کەس لە فرۆشیارانی ئەسڵیی مادەسڕکەرەکان تەنیا لە پارێزگای سنەدا ئازاد دەکرێن کە رۆژانە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد کە جیا لە ویست و داخوازێکی سەرەتایی ئینسانی هیچ تاوانێکی دیکەیان نیە، بەرەو چاڵە رەشەکانی رێژیم راکێش دەکەن و کاسبکارانی بێ دەرەتانی ناوچە سنوورییەکان بە بیانووی کڕین و فرۆشتنی باری قاچاغ وەبەر دەسترێژی هێزە ئەمنییەتییەکانی رێژیم دەدرێن. پێویست بە ئاماژەپێدانە کە زۆرێك لەو فرۆشیارانەی مادەسڕکەرەکان کە لەم دواییانەدا ئازاد کراون لە فرۆشیارانی ئەسڵی و سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکانن لە کوردستان دا.

# ئەندامێکی سەر بە رێکخستنی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کرد

رۆژی ٧ی بەفرانبار ئەندامێکی چالاك و هەڵسووڕی سەر بە رێکخستنی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاك عومەر هەمزەپوور ناسراو بە عومەری پوور ئایشێ لە شاری رەبەت کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو سەرتای شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی زۆر چالاکانە بەشداری خۆپیشاندانەکانی دەکردو دوای سەرکەوتنی شۆڕش و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کاك عومەر چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان و تیکۆشانی خۆی لە ریزەکانی حیزب درێژە پێ دا.

هاوینی ١٣٦٤ بە هۆی برینداربوونی کە شوێنی لە سەر هاتوچۆی پێشمەرگانەی دانابوو، لە سەر رەزامەندی حیزب گەڕایەوە نێو بنەماڵەکەی و وەك تێکۆشەرێکی نهێنی لە ریزی ئەندامانی نهێنی حیزب دا درێژەی بە کارو تێکۆشانی خۆی داو ساڵانە چەندین جار چاوی بە کادرەکانی حیزب دەکەوت و رێنوێنی تەشکیلاتی لێ وەردەگرتن و بۆ جێبەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی دەگەڕایەوە ناوخۆی وڵات.

بۆ دوایین جار ساڵی ١٣٨٤ سەردانی بەشی تەشکیلاتی کۆمیتەی شارستانی رەبەتی کرد. بۆ جارێکی دیکە بۆ هەمیشە پەیمانی بە هاوسەنگەرانی دا کە بۆ ساتێك لە تێکۆشان و بەڕێوەبردنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی دا درێغی نەکات.

بە داخەوە دوێنێ رێکەوتی ٧ی بەفرانبار کاك عومەر هەمزەپوور کە هەر وەك بەڵێنی دا یەکێك لە تێکۆشەرانی هەڵسووڕی ناوخۆی دیموکرات بوو بە هۆی نەخۆشی بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەران و کەس و کاری کرد.

# لە کردەوەیەکی نامرۆڤانەدا هێزەکانی رێژیم کاسبکارانی سەر سنوور رووت دەکەنەوە



هێزە بەکرێگیراوەکانی رێژیم چەند کۆڵبەرێکی ناوچەی مەریوان رووت دەکەنەوەو بە بێ جلوبەرگ رەوانەی ماڵی خۆیان کردنەوە.

هەواڵنێرمان لە شاری مەریوانەوە پێی راگەیاندین کە رێکەوتی ٩ی بەفرانبار چەند کۆڵبەرێك لە ناوچەی مەریوان کە بە ئالووێری نەوت و گازۆڵەوە خەریکن، لە لایەن هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە پەلاماریان دەدرێ و دوای قۆڵبەست کردنیان جلوبەرگەکەیان لەبەر دادەکەنن و وێڕای بارەکانیان جلەکانیان لێ دەسووتێنن و بە رووتی بەرەو شوێنی ژیانیان بەڕێیان دەکەنەوە.

ئەم کردەوە دژە مرۆڤانەیەی رێژیم دەرحەق بە کاسبکارانی ناوچەی مەریوان بۆتە هۆی بێزاری خەڵکی ناوچەکەو بە گشتی کاسبکارانی بێ دەرەتانی کورد لەم ناوچەیەدا.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەزییەت و ئازارو سەرکوتی کاسبکاران لە لایەن هێزەکانی رێژیم لە شاری مەریوانەوە رۆژی ١٠ی بەفرانبار لە سنووری "ساوجی" لە "ملەی مێلەکی" چەند کارراونچییەك دەکەونە بەر تەقەی هێزەکانی رێژیم و لە ئاکامدا ١٦ سەر لە وڵاغی کاسبکاران دەکوژرێن.

لە بەرانبەر ئەم هێرشەی دژی گەلییەکان دا کاسبکاران بەرەنگاری هێزەکانی رێژیم دەبنەوەو لە ئاکامی شەڕو پێکدادانی هەر دوو لادا بەکرێگیراوێکی رێژیم بە ناوی "ئەکبەری"، فەرماندەی پاسگای ساوجی دەکوژرێ.

ئەکبەری یەکێك لەو مۆرانەی رێژیم بوو کە دەستێکی باڵای لە ئەزییەت و ئازاری کاسبکارانی ناوچەکانی بانەو مەریوان دا هەبووە.

# خەلیل بەهرامیان نهێنییەك لە دۆسیەی فەرزاد کەمانگەر ئاشکرا دەکا



خەلیل بەهرامیان پارێزەری فەرزاد کەمانگەر، مامۆستاو چالاکی مەدەنی بە ئێعدام مەحکووم کراو لە وتووێژێك دا لەگەڵ چاودێری مافی مرۆڤ لە کوردستان نهێنییەك لە دۆسیەی ناوبراو ئاشکرا دەکا.

بەهرامیان دەڵێ کە بڕیار وابوو کە رۆژی ٧ی گەلاوێژی ئەمساڵ حوکمی ئێعدامی کەمانگەر بەڕێوە بچێ، بەڵام بە هۆی ئەوە کە ئیدارەی ئیتلاعات لە لێکۆڵینەوەکانیاندا سەبارەت بەو پەروەندەیە لەگەڵ هەندێك خاڵی ناروون رووبەڕوو ببوونەوە، لە نامەیەك دا بۆ وەزیری ئیتلاعات و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری بەڕێوە چوونی حوکمەکەیان دواخستبوو.

بەهرامیان هەروەها دەڵێ دواتر روون بووەوە کە پارێزەری یەکێکی دیکە لە تاوانبارانی ئەو پەروەندەیە کە پێشتر سەرۆکی دادگای شۆڕشی یەکێك لە شارەکانی کوردستان بووە، بە وەرگرتنی پارەیەکی زۆر لە بنەماڵەی ئەو کەسە بەڵێنی دابوو کە بە تاوانبار نیشان دانی کەمانگەر، مووەکیلەکەی ئازاد بکا. ئەگەرچی ئەو پارێزەرە هەوڵێکی زۆری بۆ تاوانبار نیشان دانی فەرزادی کەمانگەر دا، بەڵام بەو حاڵەش نەیتوانی مووەکیلەکەی خۆی لە دەرچوونی حوکمی ئێعدام رزگار بکا.

بەهرامیان هەروەها رایگەیاندووە کە چوارشەممەی حەوتووی رابردوو چاوی بە کەمانگەر کەوتووە. بەهرامیان وێڕای پێداگرتنەوەی لە سەر بێ تاوانی کەمانگەر وتی ئێمە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو راستییانەی کە لە لایەن خودی ئیتلاعاتەوە ئاشکرا بوون چاوەڕوانی ئەوەین کە حوکمی ئێعدامی کەمانگەر هەڵوەشێتەوەو بە زووترین کات لە زیندان ئازاد بکرێ.

# دوو چالاکی مەدەنی لە شاری سنە دەسبەسەر کران



دوو چالاکی مەدەنی لە شاری سنە بە ناوەکانی مەهەندیس خوسرەو ئیلاهی و فەرید سەفاری لە لایەن هێزە ئەمنیەنییەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەسبەسەر کران.

بە پێی ئەم هەواڵە رۆژی سێ شەممە، ١٠ی بەفرانبار هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیم دەچنە سەر ماڵی موهەندیس خوسرەو ئیلاهی، چالاکی مەدەنی و ئەندامی پێشووی یەکیەتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد، دەسبەسەری دەکەن و پاشان رەوانەی گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەی دەکەن.

جێی ئاماژەیە رۆژی پێشتر ئەم هێزانە بە مەبەستی دەسبەسەر کردنی ناوبراو، چوونە ماڵەکەی بەڵام بە هۆی ئەوە کە لە ماڵ نەبوو، کامپیوتێر و کەل و پەلە شەخسی‌یەکانی لەگەڵ خۆیان دەبەن.

لەلایەکی دیکەوە هەر لە شاری سنە فەرید سەفاری، ئەندامی دامەزراوەی کلتووری "شاهۆ" دەسبەسەر کرا. لە کاتێکدا کە سەفاری بە هۆی نەخۆشییەوە نزیکەی ٢٠ رۆژ بوو لە جێدا کەوتبوو هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیم دەچنە ماڵەکەی و دەسبەسەری دەکەن. بە پێی دوایین زانیارییەکان بنەماڵەی ناوبراو بەتایبەت بە هۆی دۆخی نالەباری تەندروستی فەریدەوە زۆر نیگەرانی چارەنووسی کوڕەکەیانن.

# کوژران و بریندار بوونی چەند کاسبکار بە تەقەی هێزەکانی رێژیم



لە چەند رۆژی رابردوودا ٥ کاسبکاری کورد بە تەقەی هێزەکانی رێژیم کوژران و بریندار بوون

رۆژی پێنج شەممە، ١٢ی بەفرانبار داودی ئەشك تەلخ کوڕی رەحیم و دانیشتوی شاری مهاباد لە منطقە ی منگوڕایەتی مهاباد بە تەقەی هێزەکانی رێژیم گیانی لە دەست دا. هەروەها لە سەر سنووری حاجی ئۆمەران هێزەکانی رێژیم تەقە لە چەند کاسبکار دەکەن و لە ئاکام دا کەسێك گیانی لە دەست دەدا و دووکەسی دیکەش بە سەختی بریندار دەبن.

لە لایەکی دیکەوە رۆژی ١٠ی بەفرانبار کاسبکارێکی خەڵکی گوندی "کاسەکەران"ی پیرانشار بە ناوی ئەحمەد نەجاری لە کوێستانەکانی "کانی خودا" بە تەقەی هێزەکانی رێژیم گیانی لە دەست دا. ناوبراو خاوەن هاوسەر و سێ منداڵە.

# ئایا چالاکیی کۆمپانیا هێره‌مییه‌کان له کوردستان پیلانێکی نوێی ڕێژیمه؟

نووسینی: هه‌رمان

له سه‌ره‌تاکانی ده‌یه‌ی ٨٠ی هه‌تاوی‌دا، باس و موناقشه له بازرگانی و تجاره‌تی نوێ و جیهانی له ڕێگای ئینتێرنێت و به شێوه‌یه‌کی سانا و قازانجێکی له راده‌به‌ده‌ر ببوو به قسه‌ی سه‌ر زاری به‌شێك له توێژی لاو که له نێو سیستمی سیاسیی داخراو و ئابووریی نه‌خۆشی ئێراندا خولیای ئه‌وه له سه‌ریاندا ده‌په‌روه‌راند که ڕێگای سه‌د ساڵه به شه‌وێك بپێون.

هێندێك کۆمپانیای وه‌کوو "ئه‌ڵماس سون دایمه‌ندس D-7، گۆلد ماین و گۆلد کوست" و... به شێوه‌یه‌کی دوور له مۆراڵ و ئه‌خلاقی مرۆڤانه له هه‌وڵی راکێشانی سه‌رمایه‌ی که‌سانێکدا بوون که هیچ گه‌رانتییه‌کیان شك نه‌ده‌برد بۆ سه‌رمایه‌گوزاری له به‌شه جیاوازه‌کانی ئابووری و خزمه‌تگوزاری.

مه‌جلیسی شورای ئیسلامی رایگه‌یاند چالاکیی ئه‌و ڕێکخراوانه نایاساییه و به شێوه‌یه‌کی ڕه‌واڵه‌تی و ڕووکه‌شیانه له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ مه‌ترسیدار بوونی چالاکیی ئه‌و ڕێکخراوو کۆمپانیانه وریایی و ڕوونکردنه‌وه‌ی دا ، به‌ڵام به راستی له بواری پراکتیکه‌وه هیچ چه‌شنه ڕێگرییه‌ك نه‌بوو له به‌رده‌م کار و چالاکیی ئه‌و گرووپ و بانده مافیاییانه، ئه‌م بابه‌ته پرسیارێك له زه‌ینی مرۆڤدا دروست ده‌کا که ئایا ئه‌م هه‌نگاوه‌ش پیلانێکی نوێی ڕێژیم نیه بۆ به‌لاڕێدا بردن و له خشته بردنی توێژی لاو له ئێران که به شێوه‌یه‌کی گشتی به‌رده‌نگ و لایه‌نی حیسابی سه‌ره‌کی ئه‌و جۆره شیرکه‌تانه‌ن.

**مێتۆدی کاری کۆمپانیاگه‌لی هێره‌می**




که‌سێك وه‌كوو "ڕێزێنت"ی ژماره ١، که‌سێکی تر بانگهێشت ده‌کا و به پێشکێش کردنی کاتالۆگ و برۆشۆری پێوه‌ندیدار به‌و کۆمپانیایه‌ی که پێڕه‌وی لێ ده‌کا یه‌که‌م هه‌نگاوی پرۆپاگه‌نده به ئاراسته‌ی ئه‌ندامگیری ده‌ست پێ ده‌کا. بۆ نموونه ده‌ڵێ: کۆمپانیای D-7کۆمپانیایه‌که، ناوه‌نده‌که‌ی له وڵاتی مالیزییه، ئێوه ده‌بێ بۆ چوونه نێو ئه‌و بازنه‌یه و به‌ده‌ستهێنانی سوود، ده‌بێ له‌و کۆمپانیایه شت بکڕن. ڕێژه و توانای کڕین له ١ میلیۆن تمه‌نه‌وه ده‌ست پێ ده‌کا تا ١٦ میلیۆن ته‌نانه‌ت له‌وه‌ش زیاتر هه‌ر به‌رده‌وامه کڕینه‌که به شێوه‌ی ئینتێرنێتی به‌ڕێوه ده‌چێ. ئێوه پاره‌که ده‌ده‌ن و ده‌چنه نێو هێره‌می کاری کۆمپانیاکه، به‌ڵام له باتی ئه‌و بڕه پاره‌یه که داوتانه هیچ کالاو شتومه‌کێك وه‌رناگرن! به‌ڵکوو ده‌بێ وه‌کوو سه‌رلق، ٢ که‌سی دیکه بۆ گرووپی خۆت راکێشی بۆ پێکهاته‌ی ئه‌و کۆمپانیایه و له به‌رامبه‌ر راکێشانی ئه‌و که‌سانه که ئه‌وانیش ده‌بێ هه‌ر به‌م شێوه‌یه که‌سانێکی تر راکێشن و به‌م شێوه‌یه له‌گه‌ڵ چوونه سه‌ری ڕێژه‌ی چه‌ندایه‌تیی که‌سانی به‌شدار بوو له‌و هێره‌مه‌دا که به شێوه‌یه‌کی به‌رزه‌روو گه‌شه ده‌کا و قازانجێکی گونجاو له‌گه‌ڵ ئه‌و گه‌شه‌یه وه‌ده‌ستیان ده‌که‌وێ.

**کێشه‌کانی سه‌رچاوه گرتوو له بوونی ئه‌و جۆره کۆمپانیایه:**

بوونی ئه‌و جۆره کۆمپانیایه که له‌م دواییانه‌دا بۆ شاره‌کانی وه‌کوو تاران و ته‌وریز راگوێزراون و مه‌ودای چالاکییه‌کانی خۆیان زیاتر له‌و شارانه چڕ کردۆته‌وه و کێشه و خه‌سارێکی زۆری کۆمه‌ڵایه‌تی به دوای خۆیدا هێناوه، به‌شێکی زۆر له لاوانی کورد به خه‌یاڵی پاره‌ی به‌لاش، ته‌واوی سه‌رمایه‌ی خۆیان له‌و کۆمپانیایه سه‌رمایه‌گوزاری ده‌که‌ن که بێجگه له چوونه ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و سه‌رمایانه و پێشگیری له سه‌رمایه‌گوزاری له کوردستان له بواره‌کانی ئابووری و کۆمه‌ڵایه‌تی به هۆی نابووتی و مایه‌پووچیێکی ناباوه‌ڕانه، ده‌بێته هۆکاری له‌به‌ریه‌ك هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی پێکهاته‌ی بنه‌ماڵه.

که‌سێك به ناوی "ع.ا" که خه‌ڵکی کوردستانه ده‌ڵێ: بۆ سه‌رمایه‌گوزاری له‌و کۆمپانیایه زێڕی هاوسه‌ره‌که‌م فرۆشت به‌ڵام هه‌موو شتێکم له ده‌ست دا و ئێستاش هاوسه‌ره‌که‌م داوای ته‌ڵاق ده‌کا؟ ئه‌و هه‌روه‌ها له درێژه‌دا ده‌ڵێ: که‌سانێکی زۆر له ڕێگای وه‌رگرتنی وام و کڕین له ڕێگای چه‌ك و قیست و گۆڕینی شتومه‌کی کڕدراو به پاره، ده‌چنه نێو ئه‌و کۆمپانیایه، به‌ڵام بێجگه له یه‌ك له سه‌دی ئه‌و که‌سانه که ئه‌ویش له به‌ر پڕوپاگه‌نده‌ی خۆیان پێویستییان پێیه، هیچ که‌سی‌تر بێجگه له زه‌ره‌ر و زیان و تێکشکان ده‌ستکه‌وتێکی تری نابێ.

## زۆرم هیوا به هه‌ڵبژاردنه‌کانی داهاتووی ئێران، عێراق و تورکیه نیه

عه‌بدوڵلا حه‌سه‌ن زاده:

مامۆستا عه‌بدوڵلا حه‌سه‌ن زداه له وتووێژێکدا له‌گه‌ڵ ئاوێنه باس له ئاکامی هه‌ڵبژاردنه‌کانی داهاتوو له سێ وڵاتی ئێران، عێراق و تورکیه ده‌کات.

سه‌باره‌ت به ئه‌گه‌ری ئاڵوگۆڕه‌کانی دوای ئه‌و سێ هه‌ڵبژاردنه‌ی که له داهاتوویه‌کی نزیکدا له هه‌ر سێ وڵاتی ئێران، عێراق و تورکیه‌دا ده‌کرێن، حه‌سه‌نزاده له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ هه‌ڵبژاردنه‌کانی سه‌رکۆماری داهاتووی ئێراندا وتی که هیچ ئومێدێکی به‌و هه‌ڵبژاردنانه‌ی که له ئێراندا ده‌کرێن نیه‌و له باره‌ی هه‌ڵبژاردنی سه‌رانسه‌ری له عێراقدا که له داهاتوویه‌کی نزیکدا به‌ڕێوه ده‌چێ مامۆستا عه‌بدوڵلا حه‌سه‌ن زاده وتی: ئومێدوار نیم که هه‌ڵبژاردن له سه‌رتاسه‌ری عێراقشدا، له جاران یان له هه‌ڵبژاردنه‌کانی پێشوو زیاتر به قازانجی کورد بێ. چونکی پێم وایه هێندێك فاکته‌ر هاتوونه ئاراوه که کورد به قه‌باره‌ی جارانی، به قه‌باره‌ی هه‌ڵبژاردنی پێشووی ناتوانێ حوزووری خۆی له هه‌ڵبژاردنی سه‌رتاسه‌ری عێراقدا بچه‌سپێنێ. باوه‌ڕ ناکه‌م ئه‌وه‌نده نوێنه‌ری کورد که تا ئێستا له پارلمانی عێراقدا هه‌یه‌تی، له ئینتیخاباتی داهاتوودا ببیێ، چونکی موقابیله‌کانمان پێیان وایه کورد زۆری به لاوه چووه‌و ده‌بێ هێندێکی لێ بستێندرێته‌وه. بۆیه ناتوانم به وه‌ش زۆر ئۆمێدوار بم.

به‌ڵام له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ هه‌ڵبژاردنه‌کانی داهاتووی تورکیه‌و ڕۆڵی کورده‌کانی باکووری کرودستاندا عه‌بدوڵلا حه‌سه‌ن زاده تا راده‌یه‌ك گه‌شبینه‌و له‌و باره‌یه‌وه به‌م جۆره بۆ ڕۆژنامه‌ی "ئاوێنه" دوا: ره‌نگه ئینتیخاباتی ئه‌م جاره به تایبه‌تی ئینتیخاباتی شاره‌وانییه‌کان، له جاری پێشوو چاکتر بێ. جاری پێشێ کورده‌کان به هێندێك ده‌لیلی قابیلی ده‌رك، پاڵیان وه حیزبی دادو گه‌شه‌سه‌ندن دا. ره‌نگه کورده‌کان ئه‌و سه‌فه‌ره‌ی ئه‌و کاره نه‌که‌ن و ده‌نگ به خۆیان بده‌ن. واتا یان ده‌نگ به کاندیدای سه‌ربه‌خۆ بده‌ن، یان ده‌نگ به DTP بده‌ن. ئه‌وه‌نده ئه‌رێنییه له‌م هه‌ڵبژاردنه‌ی تورکیه‌دا ده‌بینم.

له به‌شێکی دیکه‌ی لێدوانه‌که‌دا حه‌سه‌ن زاده له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئه‌و ده‌نگۆیانه‌ی که باس له وازهێنانی کاك خالید عه‌زیزی له پۆسته‌که‌ی ده‌که‌ن، وێڕای ئاماژه‌دان به پێگه‌و ڕێزو خۆشه‌ویستیی ناوبراو له نێو ئه‌ندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانداو خه‌ڵکی کوردستان و هه‌روه‌ها ره‌تکردنه‌وه‌ی گشت ئه‌م ده‌نگۆیانه، به ئاوێنه‌ی راگه‌یاند که به پێی پێڕه‌وو پرۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سکرتێر، وته‌بێژی ره‌سمیی حیزبه‌و کاك خالید عه‌زیزییش ئێستا وته‌بێژی ره‌سمیی حیزبی دیموکراتی کوردستانه، که‌وابوو به‌ڕێزیان له جێدا سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانه.

## چه‌ند هاووڵاتیی کورد به تاوانی سیاسی سزای زیندانیان بۆ بڕایه‌وه





له چه‌ند ڕۆژی رابردوودا چه‌ند لاوی کورد به تاوانی چالاکیی سیاسی له لایه‌ن دادگاکانی شۆڕشی ڕێژیمه‌وه سزای زیندانیان به سه‌ردا سه‌پاوه.

جه‌لال مه‌ره‌سه‌نه که به تۆمه‌تی هاوکاری له‌گه‌ڵ یه‌کێك له حیزبه کوردییه‌کان ماوه‌یه‌ك له‌مه‌وبه‌ر ده‌سبه‌سه‌ر کرا، ڕۆژی دووشه‌مه ٩ی به‌فرانبار له لایه‌ن دادگه‌ی شۆڕشی شاری مهاباده‌وه حوکمی ١٧ ساڵ زیندانی به سه‌ردا سه‌پا.

له‌م پێوه‌ندییه‌دا سایتی "بێوران" بڵاوی کردۆته‌وه که مه‌ره‌سه‌نه به‌ر له‌وه‌ی دادگایی بکرێ به شێوه‌یه‌کی زۆر نامرۆڤانه ئه‌شکه‌نجه دراوه و ئێستا له باردۆخێکی پڕمه‌ترسی جه‌سته‌یی‌دا ده‌ژی

له لایه‌کی دیکه‌وه له شاری ورمێ سێ هاووڵاتیی کورد به هه‌مان تۆمه‌تی هاوکاری له‌گه‌ڵ پارته کوردییه‌کان هه‌ر کام سزای ٢ ساڵ زیندانیان بۆ بڕاوه‌ته‌وه. به پێی هه‌واڵی ئاژانسی "موکریان نیوز" سه‌لاحه‌دین پێڕه‌وی، له‌تیفی شه‌رافه‌ت و عه‌بدولواحید عه‌بدوڵڵه‌زاده که خه‌ڵکی ناوچه‌ی مه‌ڕگه‌وه‌ڕی ورمێن و ماوه‌یه‌ك له‌مه‌وبه‌ر ده‌سبه‌سه‌ر کران له لایه‌ن یه‌کێك له لقه‌کانی دادگه‌ی شۆڕشی ئه‌و شاره‌وه هه‌ر کام به ٢ ساڵ زیندان سزا دران.

هه‌ر له درێژه‌ی گوشاره‌کانی ڕێژیم بۆ سه‌ر چالاکانی کورد، دادگای شۆڕشی شاری مهاباد دوو لاوی کوردی به ناوه‌کانی هێمن سۆفی و جه‌لال سۆفی که خه‌ڵکی ناوچه‌ی مهابادن به ٢٤ مانگ زیندانی حوکم دا. ئه‌م دوو لاوه که تۆمه‌تی پێوه‌ندی به حیزبه کوردییه‌کانیان دراوه‌ته پاڵ، هه‌ر کام به ٢٤ مانگ زیندانی حوکم دران که ٦ مانگی به شێوه‌ی حه‌بسی ته‌عزیرییه و ١٨ مانگه‌که‌ی دیکه‌شی بۆ ماوه‌ی سێ ساڵ به شێوه‌ی زیندانی هه‌ڵپه‌سێراوه.

## نوێنه‌ری حدك له ئۆتریش به‌شداری له پرسه‌ی محه‌مه‌د نه‌زیر مسته‌فادا کرد

نوێنه‌رایه‌تیی کومیته‌ی حیزبی دێموکراتی کوردستان له وڵاتی ئۆتریش له پرسه‌و سه‌ره‌خۆشیی خوالێخۆشبوو، کاك محه‌مه‌د نه‌زیر مسته‌فا، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کورد له سوریه (البارتی)دا کرد.

له ڕۆژی ٢٥/ ١٢/ ٢٠٠٨دا شاندێکی کومیته‌ی حیزب له ئۆبه‌ر ئۆبستراایش به سه‌رپه‌ره‌ستیی کاك په‌رۆش قادری، به‌رپرسی کومیته‌ی حیزب له‌و مه‌ڵبه‌نده به‌شداری ئه‌و ڕێوڕه‌سمه‌ی کردو به نوێنه‌رایه‌تیی کومیته‌ی حیزب و ئه‌ندامان و لایه‌نگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان له‌م وڵاته په‌یامی پرسه‌و سه‌ره‌خۆشی گه‌یانده هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کورد له سوریه.

له په‌یامی کومیته‌ی حدك له وڵاتی ئۆتریش وێڕای ڕێزگرتن له خه‌بات و تێکۆشانی ئه‌و نه‌مره، هاوده‌ردی و هاوخه‌میی ئه‌ندامانی حیزبی ده‌ربڕیبوو و پشتیوانیی حدك له خه‌باتی ره‌وای نه‌ته‌وه‌که‌مان له‌م به‌شه له نیشتمانه داگیرکراوه‌که‌مانی دووپات کرده‌وه و هیوای خواستبوو که ڕێبوارانی به سه‌رنجدان به بیری نه‌ته‌وه‌یی و هه‌وڵدانێکی زیاتر بۆ یه‌کیه‌تیی هێزه کوردستانییه‌کان هه‌روا درێژه‌ده‌ری ڕێگا و ئامانجه‌کانی بن.

# شەڕی ئێران و ئیسرائیل لە فەلەستین

مستەفا مەعروفی



لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی رابردووی زایینییەوە شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە نێوان ئەرتەشی ئیسرائیل و ڕێکخراوی حەماس، لایەنگری سەرسەختی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە گۆڕێ دایە. لەو شەڕەدا تا ئێستا نزیکەی ٤٠٠ فەلەستینی و چەند ئیسرائیلی گیانیان لە دەست داوە. بە ڕەتکردنەوەی هەوڵی ئاشتیخوازانەی وڵاتانی جیهان بە تایبەتی فەرانسە لە لایەن ئیسرائیل و حەماسەوە ڕەنگە شەڕەکە و شوێنەوارە ماڵوێرانکەرەکانی لەوەش زیاتر درێژە بکێشێ.

لە بەر دوو هۆی سەرەکی بەشی هەرە زۆری قوربانییانی ئەم شەڕە لە لایەنی حەماس و خەڵکی بێدیفاعی فەلەستینین، یەکەم، ئەرتەشی ئیسراییل دەتوانێ بە کەڵك وەرگرتن لە تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی نیزامی زەبری زۆر قورس لە فەلەستینییەکان بوەشێنێ. دووەم، حەماس کە بە سەر باریکەی غەززەدا زاڵە بنکە ئیداری و نیزامی-یەکانی خۆی لە نێو شاری غەززە دا دامەزراندوە و لە کاتی هێرش بۆ سەر ئەم بنکە نیزامییانەی حەماسدا خەڵکی بێدیفاع و مەدەنی وەبەر دەکەون. بە داخەوە لە بەر ئەم هۆیە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێ تاوان لە ژن و منداڵ و پیر و لاو بوونەتە قوربانی. لە بەرامبەردا حەماس بە هاویشتنی مووشەك بۆ نێو خاکی ئیسرائیل جگە لە کوشتنی چەند کەسی بێدیفاع، نەی توانیوە زەرەرو زیانێکی گیانی و ماڵیی ئەوتۆ بە ئیسرائیل بگەیەنێ.

ئەم شەڕە لە حاڵێکدا کە خەڵکی جیهان بەرەو ساڵی تازە دەچن و هەموو خێرخوازان و ئاشتیخوازان بە هیوای ئەوەن جیهانی پڕ لە شەڕو ئاژاوە و تێرۆر لە ساڵی تازەدا ڕووی ئاشتی و ئاسایش بە خۆیەوە ببینێ، ڕووداوێکی تاڵە و هیوا و هومێدەکان لەگەڵ ناکامی بەرەو ڕوو دەکا.

ئەم شەڕە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و ململانە و رقەبەرایەتیی دەوڵەتانی ناوچە و جیهانە، مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێ پێوە بچێ و ڕووبەڕووبوونەوەی بەربڵاوتری لێ بکەوێتەوە.

شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس هەر ئێستا بە تەنیا شەڕێکی نێوان ئەم دووانە نیە و هۆیەکانیشی هەر بەتەنیا بۆ ئەو دوو لایەنە ناگەڕێنەوە.

ڕۆڵی ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە پەرەپێدان و قووڵکردنەوەی شەڕی نێوان ئیسراییل و فەلەستینییەکاندا هەمیشە ڕۆڵێکی بەرچاو بووە. تەنانەت ئەو کاتانەی خودی فەلەستینییەکان ویستوویانە لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە کێشەکانیان لەگەڵ ئیسراییل چارەسەر بکەن، کۆماری ئیسلامی دەستی هەڵ نەگرتوە و هەوڵی داوە لە ڕێگەی هێزو ڕێکخراوی لایەنگرو بەستراوە بەخۆیەوە هەر چەشنە هەوڵێکی ئاشتیخوازانە پووچەڵ بکاتەوە. ئەم کارەی لە لوبنانیش لە ڕێگەی حیزبوڵڵاوە کردوە. ئێستاش لە فەلەستین لە ڕێگەی حەماسەوە دەیکا. لە ڕاستیدا ئەم شەڕە لە ئاکامی کێشە و ململانێی نێوان ئیسراییل و کۆماری ئیسلامی دایە.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کە ئەحمەدی نەژاد بۆتە سەرکۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ناوبراو چەندین جار داوای لەنێوبردنی ئیسراییلی کردوە. لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی ئیسراییل سەبارەت بە چالاکییە ئەتۆمی-یەکانی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی نیزامیی لەو ڕێژیمە کردوە. هەرچەند ئێران و ئیسراییل سنووری هاوبەشیان نیە و تا ڕادەیەکی زۆر لێك دوورن، بەڵام لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی سنووری هاوبەشیان لەگەڵ ئیسراییل هەیە. مەترسییەکانی ئیسراییل بۆ سەر ئێران سەبارەت بەوەی خاوەنی تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووتری نیزامییە، زیاترە و کۆماری ئیسلامی لەم بارەیەوە لاوازترە. جگە لەوەش ئیسراییل پشت ئەستوور بە زلهێزێکی وەك ئەمریکایە کە یارمەتی دەدا.

کەوابوو بە قازانجی کۆماری ئیسلامییە بە هاندان و قووڵکردنەوەی کێشەی ئیسراییل و فەلەستین سەرنجی بیروڕای دنیای دەرەوە لە مەڕ چالاکییە ئەتۆمییەکان و کردەوە تێرۆریستییەکانی لە ناوچەکەدا لە سەر خۆی لابەرێ و بیروڕای دنیای دەرەوە بە شەڕو کێشەی ئیسراییل و فەلەستینەوە خەریك بکا. هەر بۆیەش کاتێك ئاگربەسی ٦ مانگەی نێوان حەماس و ئیسراییل کۆتایی هات، حەماس لە ژێر کاریگەریی کۆماری ئیسلامی دا ڕای گەیاند ئامادە نیە ئاگر بەسەکە نوێ بکاتەوە و بە هاویشتنی چەند مووشەکێك، بیانووی هێرشێکی ئاوا گەورە و ماڵوێرانکەری دایە دەست ئیسراییل. کۆماری ئیسلامی بۆ دڵگەرم کردنی حەماس بە توندی پشتیوانی لێ دەکا و فۆڕمی "استشهاد" و بەشداریی بەسیجەکان لە عەمەلیاتی خۆکوژی لە دژی ئیسراییلدا بە هەڵخەڵەتاوان پڕ دەکاتەوە کە زیاتر لایەنی تەبلیغی هەیە. چونکە ڕوون نیە ئەو هێزە خۆ کوژە بە کوێدا دەبێ بچێتە ئیسراییل!!

جگە لەمانەش کۆماری ئیسلامی کە ترسێکی زۆری لە ئەگەری هێرشی ئیسراییل بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی هەیە، هەوڵ دەدا دەوڵەتی ئیسراییل لە سنوورەکانی خۆیدا بە شەڕێکەوە خەریك بکا کە دەرفەتی داڕشتنی بەرنامەیەکی لەم چەشنەی نەبێ و زەمینەی دیپلۆماسی و ناوچەیی بۆ هێرشێکی لەم چەشنە لەنێو بەرێ. وێڕای ئەمانەش لە بەرەبەری هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا کە لەگەڵ گیروگرفتێکی زۆری نێوخۆیی بەرەو ڕوویە، بە جۆرێك کەڵك لەو مەسەلەیە وەربگرێ و بە وەڕێ خستنی هەرایەکی زۆر کێشە نێوخۆییەکانی لە بەر چاوی بیروڕای نێوخۆ و دەرەوە کەم ڕەنگ بکاتەوە.

ئەگەر ئەم شەڕە دەسکەوتێکی بۆ لایەنێك هەبێ بێگومان بۆ فەلەستینییەکانی نابێ. یان ئێران بە هێندێك لەو مەبەستانەی خۆی دەگا کە ئیشارەمان پێ کرد، یان ئیسراییل بە سەرکەوتنی نیزامی، هێندێك ئیمتیازی زیاتر لە فەلەستینییەکان دەستێنێ. ئەوەی لەو شەڕە دا دۆڕاوی سەرەکییە فەلەستینییەکانن. ئەوەی لەو نێوە دا جێی داخە و لە بەرەبەری نوێبوونەوەی ساڵی تازەی زایینیدا ڕووی داوە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێتاوان و خێر لەخۆ نەدیوی فەلەستینە.

## نامەی فەرزاد کەمانگر:

# لێگەڕێن با دڵم لێ بدا

وەرگێڕانی: هۆزان



حچەندین مانگە لە زیندانم، ئەو زیندانەی وا دانرابوو ورە و عیشق و ئینسانبوونم تێك بشکێنێ. ئەو زیندانەی کە بڕیار بوو وەك بەرخۆڵەیەکی هێمن دەستەمۆ و گوێ لە مستم بکا. چەندین مانگە بەندیی گرتووخانەیەکم کە دیواری بەرزن وەکوو بەژنی مێژوو. ئەو شوورانەی کە بڕیار بوو مەودایەك بن لە نێوان من و ئەو خەڵکەی خۆشم دەوێن، لە نێوان من و منداڵانی نیشتمانم مەودایەك بن تاهەتایی. بەڵام ئەمن هەموو ڕۆژێ لە ڕۆچنەی دیوە تاکەکەسیەکەم ڕا، بۆ دوورە دەست دەڕۆیشتم و هەستم ئەکرد لە نێویان دام و ئەوانیش ژانی خۆیان لە ناخی ئەمنی بەندیدا دەدۆزییەوە و بەندیخانە پێوەندییەکی گەلێ قووڵتر لە رابردووی لە نێوماندا پێك هێنابوو.

وادانرابوو ئەنگوستەچاوی زیندان، واتای تیشك و هەتاوم لێ زەوت بکا، بەڵام ئەمن لە زینداندا چاوەڕوان بووم گوڵە وەنەوشە لە تاریکی و بێدەنگیدا باڵا بکا.

وادانرابوو بەندیخانە چەمکی کات و بایەخەکەی لە مێشکمدا بسڕێتەوە، بەڵام ئەمن لە دەرەوەی بەندیخانە زۆر ژیاوم و دیسان هاتوومەوە دنیا بۆ هەڵبژاردنی ڕێیەکی نوێ و ئەمنیش وەك بەندییەکانی پێش خۆم بە گیان و دڵ سووکایەتی و بێحورمەتی و ژان و ئازارم کڕیوە، بەڵکوو ئەمن دوایین کەس بم لە کاروانی ئەو نەوە ئازار چێشتوانەی کە بە تاسە و عیشقی دیتنەوەی کازیوە تاریکایی بەندیخانەیان لە دڵیاندا ڕاگرتبوو.

بەڵام ڕۆژێ بە "محارب" لە قەڵەم درام و پێیان وابوو من شمشێرم لە خوای ئەوان هەڵکێشاوە (شەڕم بە "خوا"یان فرۆشتوە) و پەتی عەداڵەتیان چنی تا سیوادی بەیانییەك کۆتایی بە ژیانم بێنن و لەو ڕۆژە نادڵخوازەوە چاوەڕوانی ڕاپەڕاندنی ئەو بڕیارەم. بەڵام ئەمڕۆ کە بڕیارە گیانم بگرن بە خۆشەویستیی خەڵکەوە لێ بڕاوم ئەندامەکانی جەستەی خۆم ببەخشم بەو نەخۆشانەی کە مەرگی من گیانیان وەبەر دەنێتەوە و دڵیشم بە هەموو ئەو "ئەوین و خۆشەویستییەی کە تێی دایە، بە منداڵێکی دەبەخشم. گرینگ نیە لەهەر کوێ بێ لە لێواری چەمی کارون یا لە بناری سەبەلان یا لە قەراغ بیابانی کەویری خۆرهەڵات یا ئەو منداڵەی چاوەڕوانە لە بستووی زاگرۆسەوە هەتاو هەڵبێ.

با دڵی بێ ئۆقرە و یاخیی من لە سینگی منداڵێکدا لێ بدات، یاخیتر لە خۆم باسی ئارەزووکانی خۆی بۆ مانگ و ئەستێران بکا و ئەوان بکاتە شایەتێك بۆ ئەوەی کاتێ گەورە بوو خەیانەت بە خولیاکانی منداڵیی خۆی نەکات. دڵم لە سینەی یەکێکدا لێ بدات کە بۆ ئەو منالانە بێ ئۆقرە بێ واشەوانە سەری برسی دەنێنەوە سەر سەرین و یادی "حامید" قوتابییە شازدە ساڵەکەی شارەکەی من لە دڵیدا زیندوو ڕابگرێ کە نووسی: "بچووکترین ئارەزووی من لەم ژیانەدا وەدی نایە" و خۆی هەڵواسی.

لێگەڕێن با دڵم لە سینەی یەکێك دا لێ بدا، گرینگ نیە بە چ زمانێك قسان دەکا یا ڕەنگی پێستی چ دەبێ، هەر منالی کرێکارێ بێ کە دەستە زبر و قەڵشیوەکانی باوکی، بڵێسەی هەڵچوون ڕابوونێکی نوێ لە هەمبەر نایەکسانییەکاندا لە دڵیدا زیندوو ڕابگرێ.

دڵم لە سینەی منداڵێکدا لێ بدات کە سبەینێیەکی زۆر دوور نا، ببێتە مامۆستای گوندێکی بچووك و هەموو ڕۆژێك دەم بەیانیان منداڵەکان بە بزەی پشکووتووی جوانەوە بە پیریەوە بێن و لە شادی و یارییەکانیان بەشی بدەن. ڕەنگ بێ ئەوکات منداڵان تامی برسێتی و هەژاری هەر نەزانن و لە دنیای ئەواندا وشەگەلی، بەندیخانە و ئەشکەنجە و ناهەقی و نایەکسانی مانای نەبێ.

لێگەڕێن با دڵم لە قوژبنێکی ئەم دنیا بەرینەتاندا لێ بدا، هەر ئەوەندەو ئاگا لێی بێ، کە ئەوە دڵی مرۆڤێکە کە زۆربەی قسەی نەوتراوی خەڵك و نیشتمانەکەی خۆی هەڵ گرتووە. خەڵکێك کە مێژووەکەی لێوانێوە لە ئازار و ژان و حەسرەت.

لێگەڕێن با لە سینەی منداڵێکدا لێ بدا دڵم بەیانی یەك لە قوڕگێکەوە و بە زمانی زگماکیم هاوار بکا.

من دەمەوێ ببمە بایە
خۆشەویستی مرۆڤ بەرم
بۆ گشت سوچی ئەم دونیایە
فەرزاد کەمانگەر زیندانی ڕەجایی
شاری کەرەج

**٨ی بەفرانباری ١٣٨٧**

قادر وریا:

# "کوردستان" له باری زمانه‌وانییه‌وه به تایبه‌تی له باری رێنووس رێزمانه‌وه، پێویسته بگه‌ڕێته‌وه دۆخی جاران

دیمانه: "کوردستان"



پ: به‌و پێیه که به‌رێزت له هاوکارانی له‌مێژینه‌ی ئه‌م ده‌وره‌یه‌ی "کوردستان" ی، ده‌کرێ بفه‌رمووی ئه‌و هه‌ورازو نشێوانه چین که "کوردستان" له‌م ده‌وریه‌دا بڕیونی؟ بۆ وێنه ئێمه ئه‌گه‌ر چاو له ئارشیوی "کوردستان" ده‌که‌ین ده‌بینین جاری وابووه له باری زمانه‌وه کوردی - فارسی بووه، له قه‌واره‌ی جۆراوجۆردا ده‌رچووه، یان وه‌ك له‌م ده‌یه‌ی دوایی‌دا ده‌بینین بێجگه له کوردی له نوسخه‌ی فارسییشدا چاپ ده‌کرێ و...

و: به‌شێك له‌و "هه‌ورازو نشێو"انه‌ی مه‌به‌ستتانه هی پێش ئه‌و سه‌رده‌مه‌ن که من بێم بۆ نێو ده‌سته‌ی نووسه‌رانی ئه‌و رۆژنامه‌یه من له ره‌شه‌مه‌ی ١٣٦٦ی هه‌تاوی (١٩٨٨)ه‌وه هاتووم بۆ ریزی نووسه‌ران و به‌رپرسانی "کوردستان". به‌ڵام ده‌توانم بڵێم که‌م تا کورتێك ئاگاداری هه‌ورازو نشێوه‌کانی پێش ئه‌و قۆناغه‌ش هه‌م. چونکه هه‌ر له دوای ده‌ستپێکردنه‌وه‌ی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، خوێنه‌ری بڵاوکراوه‌کانی ئه‌و حیزبه‌و به‌تایبه‌ت خوێنه‌ری "کوردستان" ئۆرگانی کومیته‌ی ناوه‌ندی بووم.

پێش سه‌رکه‌وتنی شۆڕشی گه‌لانی ئێران، که نزیکه‌ی ٦٠ ژماره‌یه‌کی ئه‌و ده‌وره‌یه‌ی ئێستا بڵاو ببۆوه، "کوردستان"ی فارسی، ژماره‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆ نه‌بوو، به‌ڵکوو له توێی دوو لاپه‌ڕه‌داو هه‌ر له نێو ژماره کوردییه‌که‌دا بڵاو ده‌بۆوه. به‌ڵام ئه‌و ژمارانه‌ی دوای سه‌رکه‌وتنی شۆڕش بڵاو بوونه‌وه، وام له بیره که کوردی و فارسیی "کوردستان" پێ به پێی یه‌ك و به شێوه‌ی سه‌ربه‌خۆ هاتوون، ئه‌گه‌رچی ژماره‌و کاتی ده‌رچوونیان وه‌ك یه‌ك بووه. واته هه‌ر دوو نوسخه‌ی کوردی و فارسی، یه‌ك ژماره‌و یه‌ك مانگ و کاتی ده‌رچوونیان له‌سه‌ر نووسراوه. له‌م باره‌یه‌وه، له رابردووداو به تایبه‌تی ئێستا زۆر که‌س پرسیویانه و ده‌پرسن، بۆچی "کوردستان" به زمانی فارسی ده‌ر ده‌که‌ن؟ وڵامی ئێمه هه‌موو جارێ ئه‌و بووه، نه‌ته‌وه‌ی کورد له رۆژهه‌ڵاتی کوردستان، له‌گه‌ڵ چه‌ند نه‌ته‌وه‌ی دیکه ده‌ژی و بۆ ئه‌وه‌ی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و نه‌ته‌وه‌کانی ئه‌و وڵاته له هه‌ڵوێست و سیاسه‌ت و ئامانجه‌کانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خه‌باتی خه‌ڵکی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان ئاگادار بن، پێویسته به زمانی فارسییش که هه‌موو ئێرانییه‌کان پێی ده‌خوێنن و ده‌توانن تێی‌بگه‌ن، "کوردستان" بڵاو بکه‌ینه‌وه. جۆراوجۆریی قه‌واره‌ی رۆژنامه، وه‌کیه‌ك نه‌بوونی ماوه‌ی ده‌رچوون له قۆناغه جۆراوجۆره‌کانداو کۆمه‌ڵێك گۆڕان له فۆرم و ره‌نگ و روخساری رۆژنامه‌که‌دا، ده‌گه‌ڕێنه بۆ ئه‌و هه‌لومه‌رجه‌ی حیزبی دێموکراتی کوردستان خه‌باتی تێدا کردوه‌و رۆژنامه‌ی تێدا ده‌رچووه. سه‌رده‌مێك (نیوه‌ی یه‌که‌می ده‌یه‌ی حه‌فتای زایینی)که "کوردستان" له به‌غدا ده‌رچووه، به‌و هۆیه که به‌ڕێوه‌به‌ران و نووسه‌رانی ده‌ستیان به چاپخانه‌و ئیمکاناتی چاپ له شارێکی وه‌ك به‌غدا راگه‌یشتووه، ده‌بینین که رۆژنامه له قه‌واره‌ی گه‌وره‌دا بڵاو بۆته‌وه، بابه‌ته‌کانی حروفچینی کراون و هتد، یا ئه‌و کاته‌ی "کوردستان له به‌هارو هاوینی ١٣٥٨ی هه‌تاوی (پێش شه‌ڕی ٣ مانگه) له مه‌هاباد ده‌رچووه، دیسان له لاپه‌ڕی گه‌وره‌دا، به‌ڵام ئه‌مجاره‌یان به تایپ، چاپ و بڵاو کراوه‌ته‌وه. له دوای شه‌ڕی ٣ مانگه‌و داسه‌پانی شه‌ڕ به سه‌ر حیزبی دێموکرات و خه‌ڵکی کوردستاندا، "کوردستان"یش به ناچاری له چیاو ئه‌شکه‌وت و له ته‌نیشت سه‌نگه‌ری پێشمه‌رگه‌وه درێژه به ئه‌رکه‌که‌کانی ده‌دا، هه‌ر بۆیه به ئیمکاناتی که‌می ئه‌و سه‌رده‌مه، به تایپ و ئیستێنسێل و له کاغه‌زی A٤ دا، ئه‌ویش به ناڕێکوپێکی بڵاو ده‌بێته‌وه.

"کوردستان" له کۆتاییه‌کانی پاییزی ١٣٧٢دا ده‌بێ به خاوه‌نی کومپیوته‌رو، ئه‌مه‌ش ده‌بێته هۆی ئه‌وه گۆڕان به سه‌ر روخساری رۆژنامه‌دا بێ. مانشێت و تیتره‌کان پێشتر به لیتراسێت و شابلۆن ده‌نووسران، زۆرجار به قه‌ڵه‌م قامیش ده‌نووسران، به‌ڵام ورده ورده فۆنتی نوێ بۆ چاپی رۆژنامه به‌کار ده‌هات، ده‌ستی ئێمه له به‌کارهێنانی وێنه‌دا ئاوه‌ڵاتر بوو و...گه‌وره‌بوونه‌وه‌ی رۆژنامه‌و هاتنی بۆ سه‌ر ئه‌م قه‌واره‌یه‌ی ئێستاش که ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ٧ساڵ له‌مه‌وبه‌ر، هه‌ر ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ نزیکبوونمان له شارو ده‌ستڕاگه‌یشتنمان به چاپخانه‌و بایه‌خدان به چاوه‌ڕوانیی خوێنه‌رانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌ی "کوردستان" که له باری فۆرمیشه‌وه رۆژنامه‌یه‌کی ئه‌مڕۆییان ده‌وێ.

پ: "کوردستان" له باری زمان (وشه، رسته، رێنووس، رێزمان) یشه‌وه تایبه‌تمه‌ندیی خۆی هه‌یه و ده‌کرێ بڵێین خۆی له زۆربه‌ی بڵاوکراوه کوردییه‌کان جیا کردۆته‌وه. ئه‌م تایبه‌تمه‌ندییانه بۆچی ده‌گه‌ڕێنه‌وه؟

و: زمانی رۆژنامه‌ی "کوردستان"، بۆ ماوه‌یه‌کی درێژ، جێگای سه‌رنج بووه‌و به شێوه‌یه‌کی موسبه‌ت (ئه‌رێنی) باسی لێ‌کراوه. به تایبه‌ت له باشووری "کوردستان" زۆر جار ئه‌دیب و نووسه‌ری گه‌وره‌و به‌توانا ستایشی ئه‌و زمانه‌یان کردوه که "کوردستان" ی پێ ده‌رچووه. هۆیه‌که‌شی ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر ئه‌و راستی‌یه که له زۆربه‌ی قۆناغه‌کان دا که‌سانی کوردیزان وه‌ك مامۆستا حه‌سه‌ن زاده، نه‌مران که‌ریمی حیسامی، مامۆستا هێمن و... له‌م رۆژنامه‌یه‌دا کاریان کردوه، ئه‌مانه‌ش هه‌م کوردییه‌کی باشیان زانیوه، هه‌م وه‌رگێڕی باش بوون، هه‌وڵیان داوه له یاسا رێزمانییه‌کان لا نه‌ده‌ن، رێنووسێکی دروستیان له رۆژنامه‌دا جێگیر کردوه‌و، ئه‌و که‌سانه‌ش که له‌م رۆژنامه‌یه‌دا هاوکاریان بوون، هه‌ر به‌م جۆره رایان هێناون. دیاره ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ش که ئه‌و مامۆستا به‌توانایانه‌ی ناوم بردوون هه‌موویان موکریانی بوون و زاراوه‌ی موکریانییش که کاریگه‌ری به نووسینه‌کانی زۆر له‌و مامۆستایانه‌و نووسه‌رانی دیکه‌ی رۆژنامه‌که‌وه دیار بووه، ته‌ئسیری خۆی هه‌بووه له سه‌ر سه‌رنجڕاکێش بوونی زمانی ئه‌و رۆژنامه‌یه. چونکه ئێستاشی له‌گه‌ڵ بێ، زاراوه‌ی موکریانی به لای زۆر له خوێنه‌رانی کورده‌وه به‌تایبه‌تی له باشووری کوردستان، تام و چێژو خۆشی و شیرینی تایبه‌ت به خۆی هه‌یه. دیاره هه‌ر ئه‌م خاڵه به لای هێندێك خوێنه‌ری سه‌ربه زاراوه‌و گۆڤه‌ره‌کانی دیکه‌ی زمانی کوردی زۆر جار ره‌خنه‌ی لێ گیراوه و پێیان وابوو،"کوردستان" له باره‌ی زاراوه و وشه‌ی کوردییه‌وه، خۆی له سنوورێکی ته‌سکدا هێشتۆته‌وه.

به‌ڵام با راستییه‌کی ناخۆشیش له‌م بۆنه‌یه‌دا بدرکێنم. ئه‌گه‌ر جاران زۆرکه‌س رۆژنامه‌ی کوردستانیان له باری پاراوی و ره‌وانیی زمان و دروستیی رێنووس و رێزمان و هه‌ڵه‌ی چاپی به نموونه دێنایه‌وه، و دیانگوت با له رووی"کوردستان"ه‌وه فێری کوردی نووسین بین، به داخه‌وه چه‌ند ساڵێکه "کوردستان"یش وه‌ك رۆژنامه‌کانی دیکه‌ی به سه‌ر هاتوه. له نێو بابه‌ته‌کانی‌دا به ئاسانی ده‌کرێ رسته‌ی له باری رێزمانییه‌وه سه‌قه‌ت، بدۆزییه‌وه. زۆر ئیستیلاح و وشه به نادروست به کار ده‌هێنرێن، وه‌رگێڕانی لاواز و هه‌ڵه‌ی ئیملایی و چاپی یه‌کجار زۆرن. یه‌کێك له هۆیه‌کانی سه‌رکه‌وتوو بوونی زمانی جارانی رۆژنامه‌ی کوردستان ئه‌وه بوو که‌سێکی شاره‌زا به زمانی کوردی به بابه‌ته‌کاندا ده‌چۆوه راسته سه‌رده‌م گۆڕاوه‌و چه‌مك و پرسی نوێ هاتوونه‌ته نێو باسه‌کانی رۆژ و زمانیش ده‌بێ خۆی نوێ بکاته‌وه، به‌ڵام ئه‌وه به‌و مانایه نیه که هه‌رکه‌سێ ده‌ستی گه‌یشته قه‌ڵه‌م، هه‌ر په‌ندێکی پێی خۆشه له ژێر ناوی نوێکردنه‌وه‌ی زمانداو، پێویست نه‌بوونی ئه‌و هه‌مووه قه‌ید و به‌نده بۆ نووسین، به سه‌ر زمانی کوردیی بێنێ. ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ ئه‌و رۆژنامه‌یه تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی خۆی له بواری زمانه‌وه به ده‌ست بێنێته‌وه و بیانپارێزێ، ده‌بێ ئه‌زموونی به نرخی پێشوو، به تایبه‌ت هه‌بوونی میکانیزمێك بۆ پێداچوونه‌وه به رێنووس و رێزمانی بابه‌ته‌کان له به‌رچاو بگیرێ.

پ: "کوردستان" له نێو بڵاوکراوه کوردییه‌کانی ئێستادا به کۆنترین رۆژنامه‌ی کوردی ده‌ژمێردرێ. ئه‌و هۆکارانه کامانه‌ن که نه‌یانهێشتوه ئه‌م رۆژنامه‌یه وه‌ك پێویست بناسرێ و کاریگه‌ریی هه‌بێ؟

و: ئه‌م رۆژنامه‌یه، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانه و ئه‌و پرس و رووداوانه‌ی بایه‌خیان پێ ده‌دا، تایبه‌تن به خه‌ڵکی رۆژهه‌ڵاتی "کوردستان". به‌ڵام به‌داخه‌وه کوردستان بێجگه له ده‌وره‌ی کورتی سه‌رده‌می کۆماری کوردستان و ماوه‌یه‌کی چه‌ند مانگی پێش ده‌ست پێکردنی شه‌ڕی کۆماری ئیسلامی، هیچ کات له نێو خه‌ڵکه‌که‌ی خۆی به ئاشکراو به ئازادی بڵاو نه‌بۆته‌وه. رۆژنامه، به ژیان له نێو گیرو گرفت و قه‌یران و پرسه‌کانی ژیانی رۆژانه‌ی خه‌ڵك و به هه‌بوونی پێوه‌ندییه‌کی زینده‌وو دوو لایه‌نه له‌گه‌ڵ خوێنه‌رانی، ده‌بێته رۆژنامه‌یه‌کی زیندوو. رۆژنامه‌یه‌ك به ره‌سمی و به ئاشکرا له نێو خه‌ڵکی خۆی ئیجازه‌ی ده‌رچوون و بڵاو بوونه‌وه‌ی نه‌بێ و ته‌نانه‌ت خوێندنه‌وه‌شی به تاوان بزانرێ، شتێکی سروشتییه به‌م جۆره پێویسته نه‌ناسرێ یان ته‌ئسیر دانه‌نێ. به کورتی له‌و جێگایه‌ی "کوردستان" ئۆگرو خوێنه‌ری زۆری هه‌یه، ئیجازه‌ی بڵاوبوونه‌وه‌ی نیه، له‌و جێگایه‌ی که کوردستان مافی چاپ و بڵاوبوونه‌وه‌ی هه‌یه (باشووری کوردستان) به‌و هۆیه‌وه که خۆی تێکه‌ڵ به پرس و رووداوه‌کانی ئێره نه‌کردوه‌و، ئه‌و کاره به ئه‌رکی خۆی نازانێ، خه‌ڵکیش نابن به خوێنه‌ری و، ته‌نیا ئه‌و که‌سانه که ده‌یانه‌وێ ئاگایان له رووداوه‌کانی پێوه‌ندیدار به حیزبی دیموکرات و خه‌ڵکی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان هه‌بێ، به دوای دا ده‌گه‌ڕێن.

پ: لایه‌نه لاوازه‌کانی "کوردستان" له چی‌دا ده‌بینی و چ پێشنارێکت بۆ به‌ره‌وپێش چوونی زیاتری هه‌یه؟

و: یه‌کێك له‌و لایه‌نه لاوازانه‌م له وڵامی پرسیاری دووه‌مدا ئاماژه پێ کرد. "کوردستان" له باری زمانه‌وانییه‌وه به تایبه‌تی له باری رێنووس رێزمانه‌وه، پێویسته بگه‌ڕێته‌وه دۆخی جاران. نووسه‌ر، بیرکردنه‌وه‌و بۆچوون و داڕشتنی هه‌ر چۆنێکه به جێگای خۆی، به‌ڵام ده‌بێ به‌شی نووسینی بابه‌تێك، زمانه‌که‌ی خۆی بزانێ.

لاوازیی دووه‌م له کاری ئێستای رۆژنامه‌دا ئه‌وه‌یه که له جیاتی لاپه‌ڕه‌یه‌ك، لاپه‌ڕه‌کانی دیکه‌ش بوون به لاپه‌ڕه‌ی ئازاد! مه‌یداندان به بیروڕای ئازاد له‌و رۆژنامه‌یه‌دا له رێگای کردنه‌وه‌ی لاپه‌ڕه‌ی ئازادو له دوای له‌تبوونی حیزب کارێکی زۆر به‌جێ بوو که هیوادارم به‌رده‌وام بێ. به‌ڵام ده‌بێ له نێوان ئه‌و لاپه‌ڕه‌یه‌و لاپه‌ڕه‌کانی دیکه جیاوازی هه‌بێ. لاپه‌ڕه‌کانی دیکه ده‌بێ له خزمه‌ت بڵاوکردنه‌وه‌ی بیرو باوه‌ڕی حیزبی دیموکرات و داکۆکی له سیاسه‌ت و هه‌ڵوێسته‌کانیدا بن. چونکه رۆژنامه، رۆژنامه‌ی حیزبی دیموکراتی کوردستانه. ئه‌گه‌ر رۆژنامه‌یه‌کی ئازادو ناحیزبی بایه، قسه‌یه‌کم نه‌بوو.

سێهه‌م لاوازی وا هه‌ست ده‌که‌م پێشتر و له رووه‌وه کار بۆ نووسینی وتارو بابه‌ته‌کانی هه‌ر ژماره‌یه‌ك ناکرێ. نووسینه‌کان به پێی پلان و به‌رنامه‌ی له پێشدا قسه لێکراو ئاماده ناکرێن. هه‌ر که‌س (به‌رپرسی هه‌ر لاپه‌ڕه یا به‌شێك) چی بۆ خۆی پێی خۆش بوو یا چی به ده‌سته‌وه بوو ده‌ینووسێ و ده‌یهێنێ. هه‌ر بۆیه‌ش جاری وایه کۆمه‌ڵێك پرسی رۆژ، ئاوڕیان لێ نادرێته‌وه.

دیاره که قامك له سه‌ر لاوازییه‌کانی داده‌نێم، ئه‌وه‌شم له به‌ر چاوه که له‌م یه‌ك دوو ساڵه‌ی دواییدا کۆمه‌ڵێك گۆڕانی باش له رۆژنامه‌دا روویان داوه، بۆ وێنه وتووێژ له‌گه‌ڵ سیاسییه‌کان و رووناکبیران، بایه‌خیان پێ ده‌درێ. بابه‌تی فکری له پێشوو زیاتره، لاپه‌ڕه‌کان به‌ره‌و جێگیر بوون ده‌چن، ستوونه‌کانی له زیادبوون دان و هه‌واڵ و راپۆرت که‌م بوونه‌ته‌وه‌و جێگای خۆیان داوه به وتارو بابه‌تی جۆراوجۆر. نووسینی ره‌خنه‌گرانه مه‌یدانی پێ ده‌درێ و هتد. حه‌ز ده‌که‌م خۆشم له‌م که‌م و کوڕییانه ده‌ر ناوێم و ئه‌گه‌رچی ئێستا به‌رپرسایه‌تیی راسته‌وخۆم له‌و رۆژنامه‌یه‌دا نیه، به‌ڵام به ده‌لیلی جۆراوجۆر به‌رپرسایه‌تیی به‌شێك له‌و که‌م و کوڕییانه، شانی منیش ده‌گرێته‌وه. هیوادارم "ده‌سته‌ی نووسه‌ران" و به‌رپرسانی رۆژنامه، له کاری له‌مه‌و دواییانه‌ن ئه‌م لاوازییانه چاره‌سه‌ر بکه‌ن.

پ: به بڕوای ئێوه "کوردستان" چه‌ند توانیویه‌تی گرنگی به پرسگه‌لی دیکه‌ی جیا له پرسه سیاسییه‌کان بدا؟

و: به بڕوای من "کوردستان" له زۆربه‌ی قۆناغه‌کان و هه‌لومه‌رجه‌کاندا، پتر له هه‌ر پرسێکی دیکه، بایه‌خی به پرسی سیاسی داوه. ئه‌مه‌ش به سه‌رنجدان به‌و راستییه‌یه که ئۆرگانی حیزبێکی سیاسی بووه‌و کارو تێکۆشانی حیزبه‌که‌ش، زۆرتر سیاسی بووه، شتێکی چاوه‌ڕوانکراوه. سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش هێندێك پرس هه‌ن که له زۆربه‌ی ژماره‌کان و له قۆناغه جۆراوجۆره‌کاندا له "کوردستان" دا ره‌نگدانه‌وه‌یان هه‌بووه. بۆ وێنه ئه‌ده‌ب و هونه‌رو به گشتی پرسه فه‌رهه‌نگییه‌کان، بزووتنه‌وه‌ی خوێندکاری، ماف و ئازادییه‌کانی منداڵان، ژنان، گیرو گرفته‌کانی لاوان، گیرو گرفته کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان، بۆ وێنه ئیعتیاد، ئه‌یدز و خۆکووژی، راکردن له وڵات، ته‌ڵاق و... مافی نه‌ته‌وایه‌تی و خه‌باتی نه‌ته‌وه‌یی، مافی مرۆڤ و ... له‌و پرس و بابه‌تانه‌ن که له کوردستاندا به‌رده‌وام له سه‌ریان نووسراوه. به‌ڵام پێم وایه له سه‌ر بارودۆخی ژیانی چین و توێژه که‌م داهاته‌کانی کۆمه‌ڵ به تایبه‌تی له سه‌ر کرێکاران و خه‌باتی ئه‌وان، له‌م رۆژنامه‌یه‌دا که‌م نووسراوه.

ئه‌وه‌ش جێگای ره‌خنه‌یه‌و، هیوادارم چاره‌سه‌ری بکه‌ن.

**مه‌یداندان به بیروڕای ئازاد له‌و رۆژنامه‌یه‌دا له دوای له‌تبوونی حیزب به کارێکی زۆر به‌جێ ده‌زانم که هیوادارم به‌رده‌وام بێ**

# کوڕە بێ وڵاتەکە!

فاخر بنیانی

وەك دەڵـێن: "گـەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتین"و هەر نەبێ لە شتێکدا یەکەمین! من گەنجێکی کرماشانیم، لە دەوڵەت ئاباد لە دایك بووم و گەورە بووم. لە شوێنێك ئەوەندەی بەدبەختی و چارەڕەشی و شەڕو ئاژاوەو چەقوکێشی و تریاك و بە گشتی مادەهۆشبەرەکان و شەڕێکی فیکری بێ تامی مەزهەبییش دەردی سەرباری هەموو دەردان - کە ڕێژیمی ناموبارەکی کۆماری ئیسلامی پەرەی پێ دەدا - دەبینرێ، یەك لە سەدی ئەوەندەش مانایەکی تر لە ژیان و بوون دەس ناکەوێ. شارێکی سووتاوو خامۆش! ئەگەر لە دەرەوەی کرماشان کوردێك تووشی شەڕو ناحەقییەك بێ، خۆی لە سەر بە کوشت دەدەن و کە گەڕاینەوە بۆ کرماشان پێمان شەرمە بە کوردی پێکەوە بدوێین!؟

"سەدیق تەعریف" کە مۆسیقازانێکی بەتوانای خەڵکی سنەو نیشتەجێی تارانە لە سی دییەکدا کە بە ناوی "کوردانە" بڵاوی کردبۆوە، لە گۆرانییەکیدا کە نازانم شێعری خۆیەتی یان هیی کەسێکی تر دەڵێ:"لەم گەورەشارە (کرماشان) کەس دیار نیە / کەس لە دەردی کەس ئاگادار نیە"

بە راستی گەورەترین شاری خامۆشی کوردستان و گەورەترین پێگەی مرۆڤی بۆ خەباتی کورد، لە چەشنی نەخۆشێکی بێ پارەو بێ دەرەتان کە چەندین دەردی لێ تێکەڵ بووە، ئەوا لە بەر چاوی ئێمە دەسووتێ و بۆ سۆی سووتانی لاوانی بێ ئاگا لە شوناس و زمان و بێ ئامانج و هیوابڕاو کزە لە جەرگی مرۆڤی وشیار دێنێ. حیزبە سیاسییەکانیش بە گشتی کە خۆیان بە دەمراست و نوێنەری خەڵکی کورد دەزانن هەتا ئێستاش بە کردەوە نەیانتوانیوە هەنگاوێگ لە شاری سووتاو نیزیك بنەوە، باسی ئیلامیش ناکەم، چونکە ئیلام هەم دورژمن و هەمیش ئێمە پێکەوە لە بیرمان کردووە.

هەر چۆنێ بێت منیش لە دایك بووی بنەماڵەیەکی سوننی مەزەبی کرماشانیم. ئەو شتەی هەمیشە هەوڵی دایك و باوکم بووە، ئەوە بوو کە قارەمانی خەیاڵەکانی ئێمە عومەری کوڕی خەتتاب بێ و لە مێشکی مندالانەی ئێمەدا ئەو شیرە دووسەرەی عەلی کوڕی تالیب دوژمنانی ئیسلام واتە بە جۆرێك باب و پیرانی ئێمەی پێ کوشتووە شتێکی ئەفسوناوی یان پاڵەوانێکی نەبەز بووە کە نەم دەزانی بۆچی دەبێ ئێمە شانازییان پێوە بکەین؟ ئەو شتەی لای مێشکی ساکارو سادەی ئەوانەوە گرنگ بوو، ئەوە بوو کە ئێمە وا باوەڕ بێنین کە شانازی بە سوننی بوونمانەوە بکەین نەك بە کوردایەتی و کوردی شیعەو یارسان بە لای ئێمەوە کافر بن و وەك بڵێی کورد بە سوننی خودا خولقاندویەتی و زۆر شتی دیکە...

هەلومەرجی نالەباری ئابووریی بنەماڵەو هەژاری و بێ دەرەتانی وا بەرۆکی پێ گرتین کە مەجبور بووم هەموو رۆژێ دوای داخرانی قوتابخانە بۆ دەسکەوتنی پاروونانێك لە بەر گەرماو سەرمای تاقەت پڕوکێنی کرماشان و لە قەراغ ڕێگاو لە سەر شەقامەکان جگەرە بفرۆشم و کە تەمەنم گەشتە ١٥ و ١٦ سالان شوێن نەما سەری پێدا نەکەم و ئیش نەما نەیکەم و هەر بە گەنجی لە باری دەروونی، دەستەنگی و هەژاریی بنەماڵە پیری کردم. بۆ کەسانێکم کار دەکرد کە ئەوانیش هەر خەڵکی ئێران بوون و چاویشیان لە چاوی کورد رەشتر نەبوو، بەڵام مامۆستا هەژار گوتەنی: "ئەوان ئاغاو ئێمە ژێردەست، ئەوان سەردار ئێمە بندەست".

چارم نەما، بۆ تێرکردنی زگی خوشك و برا چووکەکانم و دایك و باوکی بەساڵاچووم و داهاتوویەکی باشتر، بیری ئۆرووپاو ئیش و پارە پەیدا کردن هەڵی گرتم و پۆلی دەرسی قوتابخانەی پێ چۆڵ کردم. سەرێك و هەزار سەودا، هەڵم گرتووەو نایگەڕێنمەوە!

بە هەزار دەردەسەری و گیران و گەڕانەوەو دیسانیش تێ هەڵچوونەوە، بە پێ و بە شەوو بە رۆژ، بە کێوو دۆڵ و دەشتی کوردستاندا تورکیە بۆ یۆنان و ئیتالیا و فەڕانسەو لە ئاڵمان چاومان بە دیواری ئۆرووپای - کۆشکی خەیاڵی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کورد- رۆشن بوو!

ئاڵمان وڵاتێك کە خەڵکەکەی بە ئەوین و خۆشەویستی خاك و نیشتمان و زمانی خۆیان هەتا ئاستی شۆڤێنیسم و نازیسم ناسراون. ئەم وڵاتەی کە رووبەرەکەی ٣٥٧٠٢١ کیلۆمیتری چوارگۆشەیەو خاکەکەی بە قەت کوردستانی گەورە نابێ، بەڵام ٨٢ میلیون کەسی تێدا دەژی. ئەو وڵاتەی کە ١٦ ئەیالەت و ١٦ ئاڵای جۆراوجۆری هەیەو ئاڵای ئاڵمانی فێدراڵیش خۆی جۆرێکی ترەو هیی گشت ئاڵمانە. ئەو وڵاتەی کە دوو شەڕی گەورەی جیهانی هەڵایساندو پاش تێکشکانی لە لایەن وڵاتانی گەورەی جیهانەوە، وایان لێ کرد واز لە بیرۆکەی ئاغایەتی بە سەر دونیادا بێنێ و ئێستا لە زانست و سەنعەت و تێکنیکدا ئاغای دونیایەو رێژەی شتومەکی هەناردەی بۆ دەرەوەو تەنانەت ئەمریکا و ژاپۆنیش زیاترە! خەڵکێك کە ماندووبوون ناناسن و شەوو رۆژ خەریکی کار کردن و پێشخستنی وڵات و نیشتمانی خۆیانن و بۆ ساتێکیش پشووی بێ هودە نادەن.

ئەو وڵاتەی کە زیاتر لە ٥ میلیون بیانی پەنایان بۆ هێناوەو زۆرترین خەڵکی بیانی لە ئاڵمان تورك و کوردی تورکیەن و بوونی رێژەیەکی زۆری تورك وای کردوە ئەم وڵاتە بۆ کورد وڵاتێکی زۆر خۆش نەبێ. تەنانەت بەشێکی زۆر لە کوردی باکووری کوردستان لە ترسی شۆڤینیسمی تورك لێرەش لەوە کە بە کوردی بدوێن دەسڵەمێنەوەو زۆریشیان هەر بۆیان گرینگ نیەو کەمتر هەڵ دەکەوێ دوو کوردی باکوور پێکەوە بە کوردی بدوێن!؟

بە منداڵی جارو بار ناوی پێشمەرگەم بیستبوو، بەڵام بە چاوی سەر هەرگیز نەم بینیون. کاتێ هاتمە ئاڵمان جاروبارێ دەچووین بۆ رێوڕەسمەکانی نەورۆز، ٢ی رێبەندان، ٢٥ی گەلاوێژ، ٢٦ی سەرماوەزو دیتنی ئەم هەموو کوردە بە جلوبەرگی رەنگاوڕەنگ و هەڵپەڕکێ و شایی بۆم سەرنجڕاکێش بوو لەوێ هێندێکم دەبینی چاوێکیان نەبوو، دەستێکیان نەمابوو، یان قامکێك و چەند قامکێکیان، یان بە شەلەشەل دەهاتن و دەڕۆیشتن!؟ لام سەیر بوو، زۆربەیان بە تەمەن و هەر هەموویان بە کوردییەکی پاراو دەدوان و هەر هەموویان منداڵەکانیان بە ئاڵمانی دەدوان!

منێکی کرماشانی لە کوردییەکەیان باش تێ نەدەگەیشتم، بۆ ئاڵمانییەکە هەر تەقەم لە سەری دەهات! رۆژانێك رۆیشت، مانگ و ساڵ و چەند ساڵێك و ئەوەی ئێستا دەینووسمووە ئیتر بوو بە رابردوو، بە هۆی کەمی تەمەن (ژێر ١٨ ساڵ بوون) لە لایەن دەوڵەتی ئاڵمان و دایرەی مێرمنداڵانەوە، نرامە بەر خوێندنی زمانی ئاڵمانی. کاتێك لێیان دەپرسیم خەڵکی کوێی؟ دەمگوت ئێران! persisch ئەها پێرزیش! ئێران بە پێرزیش دەناسن و وەك بڵێی: چ بە کلۆوی نەتەوەکانی تری ئێران ناپێون!؟ منیش زۆر بۆم گرینگ نەبوو، ئەوەی بە لامەوە گرینگ بوو زووتر دەوڵەتی ئاڵمان پاسپۆرتێکم پێ بداو خەریکی کار بم و پارە بۆ باوکم بنێرمەوە.

دۆست و ئاشناو خزمەکانم پێشنیاریان پێ کردم پێوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە بگرم و ببم بە ئەندامی ئەو حیزبە، بەڵکوو لەو رێگایەوە بتوانم مانەوەی خۆم لە ئاڵمان مسۆگەر بکەم و رەنگبێ دەوڵەتی ئاڵمان، بڕوا بەوە بکا کە من وەکوو کوردێك لە ئێران کێشەم هەیەو سەرەنجام بتوانم وەك مرۆڤێکی سەربەخۆ ژیان بەرمە سەر. بە هۆی کەمی تەمەن (ژێر ١٨ ساڵ بوون) نەمتوانی ببم بە ئەندامی حیزب، بەڵام پێوەندییەکی گەرم و گوڕم لەگەڵ کۆمیتەی ئاڵمانی حیزب دامەزراند. لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا بەشداریم دەکردو لەو رێگایەوە دۆستانێکی زۆرم پەیدا کرد. تازە دەمزانی ئەم مرۆڤە نەقوستان و شەل و بێ دەستانە، هەر هەمان پێشمەرگە قارەمانەکانی رۆژانی سەختن وەکوو تابلۆیەك هەزاران بیرەوەری و چیرۆك و بەسەرهاتی تاڵ و شیرینیان بە روخسارەوە دیارە. تازە دەمزانی ئەو کەسانە، هەر هەمان خەون و خەیاڵی سەدان و هەزاران منداڵی کوردن، کە پێیان وایە، ئەو شوێنەی پێشمەرگەی پێدا تێ پەڕێ، شێر وەکوو رێوی لە هەیبەتیان رادەکا. شانازیم بە خۆمەوە دەکرد کە رێم کەوتبووە هەڵۆ سەربەرزەکانی چیاو دۆڵی کوردستان و لە ئاوارەیی و دەربەدەری ببوم بە هاوڕێی پێشمەرگەو لە لایەکیشەوە بە لامەوە سەیر بوو. من لە کوێ و حیزبایەتی لە کوێ؟ وشترو سەما، کیسەڵ و عەبا؟ چی بەسەر چیەوەیە؟!

کەسانێکی تریش وەکوو من لەم کۆبوونەوانەدا دەبینران کە لافاوی ژیان هەڵی داشتبوون، هەریەك بە هۆیەك و هەریەك بە هیوایەك رووی لە هەندەران کردبوو. لە کرماشان، لە قوروە، لە شنۆ، پیرانشارو... بەڵام من زۆر بە سەختی لێیان تێ دەگەیشتم وردە وردە هێندێك دۆستی سلێمانی و هەولێری و کەرکوکیم پەیدا کردو کوردییەکەم رۆژ دەگەڵ رۆژ باشتر دەبوو. پێشمەرگە کۆنەکان زۆر لەوە ماندووتر دیار بوون کە رووی خۆش بە ئێمە لاوەکان نیشان بدەن. وەك دەڵێن: "مەلێکی فێری دارستان و لێرە بێ / قەفەس پیری دەکا با شووی لە زێڕ بێ".

لەو نێوەدا لەگەڵ خوێندکارێکی کورد دۆستایەتیم پەیدا کرد. ئەو باوەڕی وابوو کە دەبێ کرماشان پێتەختی کوردستان بێ. ئەو باسی زۆر شتی بۆ کردم، هانی دام زمانی کوردی بە باشی فێر بم. فێری کردم بنەمای شوناس و نەتەوە زمانە. باسی سمایل ئاغای سمکۆی بۆ کردم وەك "باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی". باسی راپەڕینە یەك لە دوای یەکەکانی کوردستانی بۆ کردم، باسی ئەمارەتەکانی ئەردەلان و بابان و میرمحەممەدی رواندزو خانی لەپ زێڕین و شێخ سەعیدی پیران و شێخ رەزا دێرسیمی و شێخ مەحمودو بنەماڵەی بەدرخانییەکان و ئێحسان نووری پاشاو پێشەوا قازی، ژێنراڵی کورد بارزانی و باسی دوکتوری قاسملووی شەهید (ئەو کەسەی لە هەموو مێژووی کوردستاندا ئێستا بە لامەوە خۆشەویست ترە)، و دوکتور شەرەفکەندی بۆ کردم و باسی خەباتی خوێناوی نەتەوەیەك دژی چەوسانەوەو باسی کوردستانی بۆ کردم. نەیگوت ببە بە حیزبی یان مەبە بە حیزبی، گوتی ببە بە کورد. شانازی بە ئاڵاو نەتەوەو ناسنامەو زمانی خۆتەوە بکە.

زۆر پەرتووکی کوردی و فارسیم لە سەر مێژووی خەباتی خوێناویی نەتەوەکەم خوێندۆتەوە. ئێستا ئیتر کاتێ لێم دەپرسن تۆ خەڵکی کوێی؟ ناڵێم ئێرانیم، دەڵێم، کوردستان.

ساڵی تازەی خوێندن مامۆستاکەمان بە پێی رەسمی هەمیشەیی لەو قوتابخانەیەی کە بۆ بیانییەکان زۆرتر کەڵکی لێ وەردەگیرێ و لە خەڵکی ئەفریقاو ئەمریکای لاتین و تەنانەت ئاسیاو چین و روسیە لەم قوتابخانەیە دەرسی زمانی ئاڵمانی دەخوێنن، لێمی پرسی تۆ خەڵکی کوێی؟ گوتم: کوردستان! گوتی من وڵاتێکی بەم ناوە ناناسم، لە کوێیە؟ چەند لاوی تورك بە کچ و کوڕەوە لە پۆلەکەمان، لە دژکردەوەیەکی توندا بە تورکی و بە ئاڵمانی بە پرتەو بۆڵە کردن وتیان وڵاتێکی وا بوونی نیەو ناشبێ؟!!

مامۆستا کە دیتی پۆلەکە ئاڵۆز بووە، گوتی وەرە سەر نەخشەی جیهان کە هەڵواسرابوو وڵاتی خۆت بە ئێمە نیشان بدە. منیش بە راشکاوی نەخشەی کوردستانی گەورەم لەسەر نەخشەی هەڵواسراو بە ماژیك کێشاوە! بارانی جوێن و قسەی سووك بوو بە تورکی بە سەرمدا دەباری، بەڵام من تازە کاری خۆم کردبوو. لە وڵامی یەکێکیاندا کە گوتی ئەم خەونە دەبەنە ژێر گڵ! گوتم: خەونەکەمان لە بەشێك لە کوردستان هاتۆتە دی، ئەگەر نەوتی باشووری کوردستان بفرۆشین هەموو تورکیەی پێ دەکڕین! لە سێ بەشەکەی تری کوردستانیش خەریکین خەونەکانمان بێنینە دی، ئەگەر دەتوانن پێشمان پێ بگرن!

لە لای ئەوان وەسەر خۆم نەدەهێنا، بەڵام خەمێکی قورس بەرۆکی پێ گرتبووم، کە دەم دی لە رەش و رووت و پێست زەردو چاو بادامی و ئەفریقایی و ئەمریکای لاتینی و هەتا خۆرهەڵاتی ئاسیاوە کەس نەبوو خاوەنی وڵات و ئاڵای خۆی نەبێ، کەچی ئەو خاکەی کوردستانی پێ دەڵێن، پانتایی رووبەری خاکەکەی لە ١٣٨ وڵاتی ناسراوی دونیا گەورەترەو لە باری رێژەی دانیشتوانەوە لە ١٦١ وڵاتی دونیا زۆرترە بەڵام غەوارەو نامۆیەو ئەگەر پاشناوی ئێران و تورکیەو سوریەو عێراقی پێوە نەلکێنین کەس نایناسێتەوە!؟

لەو کاتەدا زۆر حەزم دەکرد پێشمەرگەیەك بووبام و بە گوللەیەك گیانم فیدای خاك و نیشتمانم کردبا، نەك ئەوەندە لە پۆلەکەماندا هەستم بە کەمی و لارەملی کردبا. لە لایەکی ترەوە زۆر بە لامەوە سەیرو ناخۆش و جێی پرسیار بوو کە دەم دی منداڵی پێشمەرگەکانمان کە لە غوربەت و لە ئاڵمان یان لە هەر شوێنێکی دیکە لە ئوورووپا گەورە بوون نە تەنیا زمانی کوردی باش نازان، شانازییش بە کوردستان و کورد بوون ناکەن. کەچی ئەم منداڵە تورکانە، هەموو لێرە لە دایك بوونەو تەنانەت زۆربەیان نازانن تورکیە دەکەوێتە کام بەشی جیهانیش، بەڵام لە سەر تورکیەو ئاڵای تورك خەریکن خوێنت بخۆنەوە!؟

کوردی باشوور لێرە پێیان وایە ئەوان ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ کردوەو ئیتر کوردایەتی بەکاریان نایەو کوردی تورکیە کە لە ئاڵمان زیاتر لە نیو میلیون کەس دەبن، لێرەش تورکی ئاخاوتن بە لایانەوە زۆر شیرین ترو خۆشترە هەتا کوردی و کوردی سوریەش کە چاوەڕوانی پارچەکانی ترن...

هەتا ئەوا بین ئەگەر نە تەنیا ٤٠ میلیۆن، ٤٠٠ میلیۆنیش بین کوا خاوەنی وڵات و ناسناوی خۆمان دەبین؟

هەتا دوێنێ خەمی نان هەڵوەدای کردبووم، بەڵام ئێستا خەمی بێ وڵاتی و بێ شوناسی، ژیانی لێ تاڵ کردووم و لە پۆلەکەمان کە زۆربەیان تورکن، هیچیان لەگەڵ مندا وشەیەکیش نادوێن، بەڵام کە دەچم و لە دەرەوە دەمبینن، هەم لێم دەترسێن و هەمیش جارجارە گوێم لێ دەبێ، دەڵێن: "ئەوەتا کوڕە بێ وڵاتەکە هات!".

تا نیشتمان جێ نەهێڵی و لە نێو کۆڕی کەسانێکدا نەژی کە تەنیا تۆ بێ وڵاتی، تامی وەکوو ژەهری ماری ئەم رستەیە هەست پێ ناکەی...

# "کوردستانی بن خەت"پارچەیەکی پەراوێزخراوی نیشتمان

ئارام ئیبراهیم خاس

باشـوری بـچووك، رۆژئـاوا، باشـوری رۆژئـاوا و کوردسـتانی بندەسـتی سـوریا، هـەموو ئـەو وشـانەن کـە بـۆ نـاودێرکردنی پارچـەیەکی دابـەش کـراوی کوردسـتان بـە کـار دەهێنـرێن. ئـەو بەشـەی هـەموو کـات لـە خەباتی نەتـەوەیی بزووتنـەوەی سەرانسەری کوردسـتان پـەراوێز خراوە یان گرنگییـەکی ئـەوتۆی پـێ نـەدراوە. ئـەو پارچـەیەی کوردسـتان لـە بـاکووری رۆژهەڵاتی سوریا هەڵ کـەوتووە و دراوسێی پارچەکانی باشـووور و بـاکووری کوردسـتانە. رووبەرەکـەی ١٨٣٠٠کیلـۆمیتری چوارگۆشـەیەو حەشـیمەتەکەی بـە پێـی ئامـارە نافەرمییـەکان کێـشەی بـێ ناسـنامەیی کوردەکان بە ٢و نیو تا٣ میلیۆن کورد مەزەندە دەکرێ.

دوای لێکهەڵوەشـانی ئیمپراتـۆریی عوسمـانی و دامـەزرانی دەوڵـەتی دەسکردی سوریا لە دوو نەتـەوەی عـەرەب (زۆرینە) وکورد( کەمینە) لە ژێر قیمومییەتی فەرانسە، کورد لـەو بەشـەی کوردسـتان کەوتـە ژێـر سیـستمێکی دەسـەڵاتداری و بەڕێوەبەریی بیانی و بیانی و لـە سـەر خـاکی خـۆی و لـە ژێـر دەسەڵاتی داگیرکەردا هەمووکات وەکـوو پەنابـەرو بیـانی و لـە گەشـبینانەترین حاڵەتـدا وەك میـوانی سـەرخاکی "ئوممـەتی واحیدەی عەرەب" سەیر کراوە. سـەلمێنەری ئـەو قـسەیە بـێ ناسـنامە مانـەوەی پـتر لـە ٥٠٠ هـەزار کـوردی دانیـشتووی رۆژئاوای کوردستانە کە لە ساڵی ١٩٥٢ بـەملاوە تەنانـەت لـە تـەواوی مافـە سـەرەتاییەکانی شـارۆمەندی بـێ بـەش کـراون. سیـستمی دەسـەڵاتداری زاڵ بە سەر ئەم وڵاتە لە ژێر هـەژموونی تاکـە پـارتی وڵات واتـە پـارتی بـەعس ئەزموونـەکانی رێـژیمی سـەدام حوسـێن لـە پێوانەیـەکی بـچووکتر دا بـەڕێوە دەبـات و بنەماڵەی " ئەسەد" کـە میراتـی دەسـەڵاتداری ئـەو وڵاتـەیان بە دەستەوەیە قەڵاچۆی کوردەکان بە شێوەیەکی سیستماتیك و لـە رێگـای جۆراوجـۆرەوە بـەڕێوە دەبەن.

رێـژیمی بەعـسی سـوریا بـۆ قڕکـردن و ئاسـێمیلە کردنـی نەتـەوەی کـورد لـەو وڵاتـە دەسـتی دایـە زۆر پـیلان و نەخـشەی بەرنامـە بـۆ دارێـژراو(هـەروەك ئێـران لـە چوارچـێوەی پـرۆژەی ژینۆسـایدی سـپی و تورکیـا لـە چوارچـێوەی پـرۆژەی گـەورەی گـاپ، دەیانەویست نەتەوەی کورد لە نێو بەرن. سـوریاش بـە چـاو لێکـردن لـەوان و بـە تایبـەت لـە دەسـەڵاتی دراوسـێی هاوشوناسی خۆی واتـە رێـژیمی بەعسی سەدام، دەستی کرد بە پاکتاوی نـژادی و تـەعریبی کوردسـتان ونیـشتەجێ کردنـی عەڕەب لە شوێن هاونیشتمانانی کـورد لـە کوردستان. هەر بۆ ئەم مەبەستە کەسێك بـە نـاوی"محەممـەد تالیـب هـیلال" وەك بەرپرسـی دۆسـیەی کـورد لـە ناوچـەی جـەزیرەی رۆژئـاوای کوردسـتان دیـاری کرا تا بتوانێ ئەو ئـەرك و راسپاردانەی فاشیـستەکانی سـەدەی بیـستی رۆژهـەڵاتی نـاوین بـەڕێوە بـەرێ. تاوانـەکانی رێـژیمی بەعـسی سـوریا لـە هەمبـەر گـەلی کـورد بـەوەش کۆتـایی نـەهاتووە و لـە ژێـر سـێبەری ویـژدانی خرپ خەوتووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌دا زۆر کارەسـاتی دڵتـەزێن و دژی مرۆڤانـە لە کوردستان روویـان داوە و کۆمـەڵگای جیهانی تا ئـەم دواییانـە، ئـەویش دوای ئەوەی ناوی سوریە کەوتـە نێـو لیـستی دەوڵەتـەکانی تـەوەری شـەڕەنگێزی، وازی لەو بێ دەنگییە شەرماوییە هێنا. شـکاندنی ئـەو بـێ دەنگییـەش لـە چوارچێوەی دەرکردنی بەیاننامەیەك لـە لایەن نەتەوە یـەکگرتووەکان سـەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە تێ ناپەڕێ.

رێـژیمی دیکتـاتۆری بـەعس لـە کوردسـتان زۆر جینایـەت و تـاوانی ئەنجام داون کە لـە مێـژووی مرۆڤایـەتی لەو سەردەمە زۆر بە کـەمی نموونـەیان بینراوە. لە دەیەی ٦٠ زایینی‌دا نزیکـەی ٣٠٠ منداڵی کورد کـە گـشتیان قووتـابی بـوون لـە سـینەمای" ئـامود" قوربـانی بـوون و لـە ئـاگری رقـی بـەعس دا سـوتێندران و بـوون بـە سـوتماکی ئـازادیی"ئـامود"ی رەنگین. ئاکـامی ئـەم تاوانـەی رێـژیمی سوریە جێگـای سەرنجدانە بۆ ماوەیەکی زۆر بـە هـۆی نەبوونی ئەمنییەتی گیانی، کوردەکان حـازر نـەبوون منالـەکانیان رەوانـەی قوتابخانـە بکـەن و ئـەوەش بـە شێوەیەکی ئۆتوماتیك ویستی سـەدە ناوەڕاستی رێژیمی حاکمی هێنایە دی، کـە دەیویـست لـە هـەموو بارێکـەوە کوردسـتان لـە دواکـەوتوویی‌دا بێلێتەوە.

زاڵ بـوونی سیـستمی تـاك حیزبی لـە سـەر بنـەمای دەسـەڵاتی رەهـای حیزبی بـەعس لـە سـوریا وای کـردووە کـە حیزبـەکان نـە تـەنیا نـەتوانن لـە دەسـەڵاتدا بەشـداری بکـەن، تەنانـەت ئـەو مـاف و دەرفەتـەیان نـەبێ وەك ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات کار بکەن. لەو کەش و هەوا داخراوەدا بە هۆی لاوازی و پاسیڤ بـوونی پارتـە سیاسـییەکانی باشـووری بـچووك وەك:"الپـارتی"،پـارتی پێـشڤەڕۆ و هتـد... بۆشـایی جـەریانێکی بـەهێز بـەدی دەکـرێ کـە بتـوانێ پێشەنگایەتیی خـەباتێکی جـەماوەری لـەو بەشـەی کوردسـتان بکـا، لـەو نێـوەدا نفـووز وحـزووری دوو حیزبـی سـەرەکی پارچـەکانی باشـوور و بـاکووری کوردسـتان لـە کوردسـتانی بندەستی سوریە واتە،پ ك ك و پـارتی دێموکراتی کوردستان، بە تایبەت پ ك ك جێگای سەرنجە. پ ك ك توانیـوێتی لـە لاوازی نفـووز و رێکخـستنی پارتـەکانی رۆژئـاوا کـەڵك وەرگـرێ و خۆی لـەو پارچـەیەی کوردستان وەك رێکخراوێکی خاوەن پێگە بنوێنێ. لـەم دواییانـەدا "پ ی د" پـارتی یـەکێتی دێمۆکراتیـك لـە رۆژئـاوای کوردسـتان دابمـەزرێ بـۆ ئـەو وتەیـە دەتـوانین ژمـارەی بەرچـاوی گـەریلاکانی پ ك ك

بە نموونـە بێنینـەوە کـە لـە جـەریانی ئەندامگیری ئەو رێکخراوەیە لە رۆژئـاوای کوردستان و لـە بۆشـایی ئۆپۆزیبـسیۆنی کوردسـتانی لـەو وڵاتـە روویـان کردۆتـە شـاخ و بـژێرەی خـەباتی چـەکداری لـە بـاکووری وڵاتەکـەیان هـەڵ بـژاردووە. زەخت و زۆری رێژیمی بەعس و نـەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بە هێزی سەرانـسەری و کوردسـتانی لـە سـوریەو ئامـادەیی و پتانـسیەلی خـەڵکی کـورد لـەو بەشـەی کوردسـتان سـەرهەڵدانی خوێنـاوی ١٢ی مارسـی ٢٠٠٤ی لێ کەوتـەوە کـە لـە قامیـشلوو دەسـتی پـێ کـرد و سەرانـسەری رۆژئـاوای کوردسـتانی تەنییـەوە. بـە هـۆی دژ کـردەوەی سەرکوتکەرانەی رێژیمی بەعسی سوریە نەورۆزی خوێناوی رۆژئاوای کوردستانی لـێ کەوتـەوە. لـەم دواییانـە لـە دوایـین بڕیـاری دژ بـە کـوردی حکومـەتی سوریادا، واتە قانوونی تەشریعی ژمـارە ٤٩، جارێکی دیکە لـە پێنـاو سیستەمی هـەڵاواردنی تـەعریبی ناوچـە کوردنـشینەکان بڕیـار دراوە کـە هـیچ خاوەن زەوییەك نـابێ سـەودای کڕین و فرۆشتنی زەوی بکات.

مەگـەر بـە ئیزنـی وەزارەتـی نێوخـۆو وەزارەتـی بـەرگریی سـوریە، کـە ئـەو بڕیـارە بەشـێوەی ئۆتوماتیـك تـەواوی ناوچـە سـنوورییەکانی رۆژئـاوای کوردسـتان دەگرێتـەوە. بـارودۆخی مەترسی داری مـافی مـرۆڤ لـە رۆژئـاوای کوردسـتان و سیاسـەتەکانی دژ بـە کـوردی رێـژیمی سـوریا (لـە تەعریبـەوە بگـرە تـا سـەرکوت و ئێعـدام ) پاسیڤ بـوون ولاوازیـی سەرسـوڕهێنەری ئۆپۆزیـسیۆنی کوردسـتانی، گـشتیان مـرۆڤ دەخەنـە ئـەو هـزرەوە، نەرمـە ژینۆسـایدی بـەعس کوردسـتان بـەرەو کوێ دەبات؟



## پانۆراما

### بەشی زمانی کوردی لە دوو زانکۆی گەورەی تورکیە دەکرێتەوە

رۆژنامەی میللیەتی تورکیە لە زمانی یۆسف زیا ئۆزجان سەرۆکی دەزگای خوێندنی باڵای ئەو وڵاتـە بڵاوی کردۆتەوە کە هـەردو زانکـۆی ئەستەنبووڵ و ئـەنکارا بەشـی زمـانی کـوردی دەکەنـەوە. نـاوبراو هەروەها رایگەیاند کە هـەردوو زانکـۆی "مـاردین" و زانکۆی "دیجلـە" لـە دیاربـەکر داوایـان کـردووە کـە بەشی زمانی کوردی لە زانکۆکانیان بکەنەوە.

ئۆزجان هۆکـاری کردنـەوەی بەشـی کـوردی لـەو دوو زانکۆیە بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لەو دوو زانکۆیـە ئاستی فێربوونی زمان لە ئاستێکی بەرز دایە.

شایانی باسە بڵاو بوونـەوەی ئـەم هەواڵـە پـاش ئـەوە دێـت کـە حـەوتووی رابـردوو یەکـەمین تەلەویزیۆنی کوردی لە تورکیا بـە رەسمـی لەلایـەن سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە کرایەوەو لە رێورەسمێك دا ئـەردوغان بـەدوو دێـڕی کـوردی کرانـەوەی، TRT و هاتنی سەری ساڵی نوێی زایینی پیرۆزبایی کرد.

### تورکیە بۆمبی هێشوویی لە بۆردومانی ناوچە سنوورییەکان دا بە کار دێنێ

وەزیری ژینگەی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کـە لـە بۆردومـانی ناوچـە سـنوورییەکانی هـەرێمی کوردسـتان دا، تورکیـە بـۆمبی هێـشوویی بـە کـار هێناوە.

دارا محەمـەد ئـەمین وەزیـری ژینگـەی هـەرێمی کوردستان راگەیاند بە پێـی یاسـا نێودەوڵەتییـەکان ئـەو چـەکانەی دەبنـە هـۆی تێکـدانی ژینگـە وەك بۆمبی هێشوویی قەدەغـە کـراون کـە لـە بۆردومـانی ناوچـە سـنوورییەکانی هـەرێم دا بـە کـار هێنـراون و بۆتە هۆی پیسبوونی ژینگەی هەرێم.

وتیـشی " ئـەو بۆردومـان و چـەکانە کاریگـەری خراپ لە سەر ژینگە جێ دەهێڵێت و شوێنەوارەکانی دەیان ساڵ پاش خۆی دەمێنێتەوەو هـەروەها بۆتـە هۆی مەترسی هەمەچەشنەی زینـدەوەرو کاریگـەری لە سەر رووەك و باڵندەو ئاژەڵە کێوییەکان داناوە."

لە لایـەکی دیکـەوە هـەر سـەبارەت بـە بۆمبـارانی سنوورەکانی هەرێمی کوردسـتان دوکتـور مـەحموود عوسمان لە لێـدوانێکی دا هۆکـاری بـەردەوام بـوونی ئەو هێرشانەی بۆ بێ هەڵوێستی حکوومەتی عێراق و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گەڕاندەوە.

ناوبراو وتی ئێمە چەندین جار لە پارلمان باسمـان کردووە و داواشمـان لـە حکوومـەتی عێـراق کـردووە هەڵوێست بگرێ، بەڵام داواکانمان پشت گوێ خراوە.

### داوای ٤٥ ساڵ زیندان بۆ لەیلا زانا دەکرێ

دادگای سـزای تاوانـەکانی دیاربـەکر داوای ٤٥ ساڵ زیندانی بۆ لـەیلا زانـا دەکـا. دادوەری لقـی ٥ی دادگـای سـزای تاوانـەکانی دیاربـەکر رایگەیانـدوە کـە سـزای ١٠ سـاڵ بـۆ لـەیلا زانـا کەمەو دەبێ بـە ٤٥ سـاڵ زینـدان حـوکم بـدرێ. ئەو دادوەرە کە پێیوایە لێدوانـەکانی لـەیلا زانـا لـە کۆبوونەوە جەماوەرییەکان پڕوپاگەندەیە بۆ pkk ، بـە مەبەسـتی قـورس کردنـی سـزاکەی لـەیلازانا سەردانی دادگای تەمییزی تورکیەی کردووە.

لەیلازانا ماوەیەك لەمەوبەر بـە تـاوانی تـەبلیغ بۆ پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و ئەندامـەتی لـەو رێکخراوەیە لەلایەن دادگای تاوانەکانی دیاربـەکر بـە ١٠ ساڵ زیندان حوکم درا. ئـەوە لـە کاتێکدایـە کـە لـەیلازانا لەلایـەن پـارتی کومـەڵگای دێموکراتیـك بۆ شارەوانی دیاربەکر پاڵێوراوە.

# ڕەخنەیەکی میتۆدیك لە خەباتی شوناسخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

مانێشت ئیلامی

بەشی دووهەم و کۆتایی

و: سۆران شێرزاد

پێنجەم : ڕۆڵی هێزە گەورە نەتەوەییەکان سەبارەت بە کێشەی کوردە کە یەکەم هێزە گلۆبالەکان لە ناوچەو بە تایبەت لە ئێران بە دوای بەرژەوەندیی خۆیانەوەن لە پلەی یەکەم دا دەیانهەوێ گۆڕانێك بە سەر سیستەمی زاڵ بە سەر ئێراندا پێك بێ و کێشەگەلێکی وەك مافی نەتەوەکان ، کەمینەکانی نێو ئێران و مافی مرۆڤ لە پلەکانی خوارەوەتری ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەوان لەگەڵ سیستەمی باڵادەست لە ئێران دایە. هەروەها لە ڕوانگەی ئەوانەوە( ڕووبەڕوو بوونەوەی ستراتیژیك، نەك تاکتیکی) جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان گەلانی پێکهێنەری کۆمەڵگای ئێراندا نیە و پێیان وایە هەموو شوناسە نەتەوەییەکانی چوارچێوەی ئێران لە ژێر ستەمی نەتەوەیی دان و ئەگەر لە لایەك هەر یەك لە شوناسەکان خۆیان بە ناوەند و تەوەری قەیران و ستەمی نەتەوایەتی دەزانن، ڕوانگەی هێزە جیهانییەکان تەنیا بەرگری لە یەك یان دوو شوناسی تایبەت لە ئێراندا نیە بۆیە نەتەوەی کورد وەك بەشێك لە موزاییکی نەتەوەکانی ناو ئێران دەبێ تەنیا خۆی بە تاکە کۆڵەکەو تەوەری دژایەتی لە گەڵ ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە قەڵەم نەدا و چاوەڕوانی پشتیوانی یەکلایەنە لە هێزە گەورە جیهانییەکان لە خەباتی ئازادیخوازانەی خۆی نەبێ.

شەشەم: توانای خۆڕاگری ئەرێنییانەی نەتەوەی کوردە کە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا گەلەکەمان بە سەرنجدان بەو بێ بەشی و ستەمە جۆراوجۆرەی تووشی بووە بە تەنیا ئامادەیی، توانا و پوتانسیەلی خەباتێکی درێژماوە و بە بێ گەرەنتی لەگەڵ سیستەمێکی بە تەواوی دڕندەی هەیە و لە بواری لۆژستیکی لەو پەڕی پۆشتەو پەرداخی دایە و نوقمی دەریای سامانە نەوتییەکانە، هێنانە گۆڕی ئەم پرسیارە بە مانای بێ متمانەیی بە توانای بەرگریی نەتەوەکەمان نیە، چونکە ئەم نەتەوەیە لە تەواوی مێژووی خەباتەکەیدا سەرەڕای ئەو هەمووە ستەم و سەرکوت بێبەزەییانەی لەگەڵی بەرەوڕوویە بە بێ هیچ جۆرە پشتیوانییەك وەك ئاڵاهەڵگری ئازادیخوازی و مافخوازی لە ئێراندا لە خەباتدا بەردەوام بووە و بە دڵنیاییەوە تا گەیشتن بە مافی سەرەتایی خۆی لەو ڕێگایەدا دەمێنێتەوە. جەوهەری ئەم پرسیارە لە باسکردنی ئەم خاڵە دایە کە ئایا بە سەرنجدان لە کۆی مێژووی ئەم خەباتە لە دژی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستی ناوەندی لە ئێران دەسکەوتی بەرهەست و بنەمایی وەدەست کەوتووە بە موزاییکی بوونی کۆمەڵگای ئێران و وێکچوویی کێشەی نەتەوە جۆربەجۆرەکان، گەلی کورد بە تەنیایی دەتوانێ ڕزگاری بێ؟ بۆ دەبێ نەتەوەی کورد بە تەنیایی تەواوی نرخەکانی ئەم پرۆسەیە بدات. هەروەها ئەم خاڵە لە بیر نەکەین کە لە ڕوانگەی دەوڵەتانی دەسەڵاتداری لە ئێرانەوە بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوودا و سیستەمی دەسەڵاتداری ئێستا، شوناس وەهەقخوازیی نەتەوەی کورد تەنیا بە واتای گەیشتن بە مافی خۆی نییە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم پرسە بۆ ئەوان واتە پرسی تورکە ئازەرییەکان، بەلوچەکان، عەرەبەکان، تورکەمەنەکان، گیلەك و مازنییەکان و بە پێچەوانەوە بۆ هەمیشە بۆ چاوترسێن کردنی نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران بە شێوازێکی نامرۆڤانە و بێ بەزەییانەترین شێوە، داخی دڵی خۆیان بە نەتەوەی کورد ڕشتووە، بەو واتایە کە گەلی کورد باجی داوە و دەیدا. جگە لەمانە ناکۆکی و کێشەی نێوان گرووپی و حیزبی و دەستەویەخەبوونە ناڕەواو نابەجێیەکانی نێوان هێزە سیاسی و ئاڵاهەڵگرەکانی خەباتی گەلی کوردیش سیاسەتەکانی سەرکوتی ڕێژیم بە سەر ئەم نەتەوە چەوساوەیەدا سەپاوە.

حەوتەم: بە سەرنجدان بەوەی کە هەموو هێزە سیاسیی و نیزامییەکانی نوێنەری نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژمارەیەکی دیکە هێزگەلی نوێنەری شوناسە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران دروشمی ئازادی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵی وەك هێڵی گشتیی نوێی تێکۆشانی خۆیان دیاری کردووە، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا نابێ هەموو شوناسە نەتەوەییەکانی نێو ئێران بە شێوەی هاوئاهەنگ نەك تاك لایەنە لەم پێناوەدا کار بکەن و ئایا هەرکامە لەوان بە تەنیا و بە بێ پشتیوانی و هاوئاهەنگی لە گەڵ نەتەوەکانی نێو ئێران ڕێژیمی زاڵ بە سەر ئێراندا بێتەوە و سیستمێکی فیدراڵ دێموکراتیك سەبارەت بە تەواوی نەتەوە ژێرستەمەکانی کۆمەڵگای ئێران ڕاستە بەو واتایە کە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران بە هۆی هاوبەشی لەو ستەمە نەتەوەییەی لە سەریانە سیاسەتی تواندنەوەی سەپاو بە شێوەی تاك لایەنە و تاك تەوەری قەت بە ئامانجە دیاریکراوەکانیان ناگەن تەنانەت گۆران لە سیستمدا پێك بێ و گروپ وچینێکی نوێ و ناوەند پێگە بە دەسەڵات بگا کە هەڵگری بەشێکی بچووك لە تیۆری و پێکهاتە ئیدئۆلۆژیکییەکانی پێشوو چ لە چوارچێوەی پان ئێرانیسم و چ لە چوارچێوەی فکریی گروپە دژبەرە میللی - ئێرانییەکان و چ یاسایی و چ نایاسایی بێ، دیارە لە( ڕوانگەی سیستەمی باڵادەستەوە) وەك سەڵتەنەت خوازەکان، نەتەوەگەراکان، ڕیفۆرم خوازان، ڕیکخراوی موجاهدینی گەلی ئێران و... گۆڕانێکی تایبەت لە پێوەندی لە گەڵ ئەو سیاسەتانەی بە سەر نەتەوە نافارسەکاندا لە ئێران بەڕێوە چوون پێك نایە.

چونکە هەموو ئەو حیزب و گرووپانەی کە ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی ناوەندین و هەڵگری ڕوانگەگەلی یەکگرتوو و شۆڤێنیستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ شوناسی نەتەوەیی، نەتەوەکانی دیکە لە ئێران بوون و هەن بە درێژایی مێژوو ئەم هێزانە هەمیشە لە پتانسیەلی هەقخوازی و شوناسخوازیی نەتەوە نافارسەکان لە پێناوی بەرژەوەندییە گروپییەکانی خۆیان لە بەرەنگاری لە گەڵ سیستەمە باڵادەستەکاندا کەڵکی خراپیان وەرگرتووە. شیاوی دووبارە کردنەوەیە کە مێژووی دەسەڵاتدارییەکانی ڕابردوو و هاوچەرخی ئێران چەندین جار ئەم کێشەیەی سەلماندووە کە ئەم هێزانە تەنیا لە ئاوی لێڵ بە قازانجی خۆیان ڕاویان کردوە. کە واتا بەم شێوەیە دەتوانین ئاکامگیری بکەین کە تەواوی سیستمە دەوڵەتی و حکومەتییەکان و حیزب و گروپە پاشکۆکانیان کە لە ماوەی چەند سەدەی دواییدا بە سەر ئێران و حکومەتەکانیان حوکمیان کردووە هەموویان نادێموکراتیك و شێوەگەلێك لە دیکتاتۆری بوون و هەمیشە وەك هاووڵاتی پلە دوو و پلە سێ چاویان لە نەتەوە نافارس - شیعەکان کردووە و موزاییکی بێ بەشی دەسکەوتی متمانە کردن بە سیاسەتە فریوکارانەکانی ئەم هێزانە بۆ نەتەوە نافارسەکان بووە. ئەوەی ڕوونە پێکهاتەی هێزە میللی ونامیللییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ئێران (کە هەڵگری شوناسی باڵادەستی)مەزهەبی و نامەزهەبی چەپ یان ڕاست، کلاسیك یان مۆدێرن و ڕیفۆرمخواز و...هیچ کامیان هەڵگرو پشتیوانی دەنگی ئازادیخوازانەی نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران و هەموویان شوێنکەوتووی تیۆرە ڕزیوەکانی ئەو مێشکە کۆنە پەرەستانەی مەشروتە خوازان و نەوە دوگمەکانیانن کە ڕەنگی مۆدێرنیان لە خۆیان داوە و تەنیا بە دوای بەرژەوەندیی گروپی و حیزبی و شوناسی چینایەتییەکانی خۆیانەوەن و هەموان بە تایبەت گەلانی غەیرە فارس کە زیندانی ستەم و قوربانیی بەرژەوەندی و گومانەکانی تاقمی شیعەی سیاسی دەسەڵاتدار نابێ جارێکی دیکە بە هیچ شێوەیەك فریوی هۆکانی دەسەڵاتدارە بێ مایەکان و ئەو هێزانەی کە باسیان کرا بخۆن، چونکە هەر کەمتەرخەمییەك لە درێژایی مێژوودا پەژیوانی و زیان و دواکەوتوویی لێ دەکەوێتەوە. نەتەوە نافارسەکانی نێو ئێران و تەنانەت زاڵمانی دەسەڵاتدار بە سەر ئەو نەتەوە چەوەساوانە بزانن کە تا ئەو کاتەی پرسی شوناسی نەتەوەیی گەلانی بەندکراوی ئێران چارەسەر نەکرێ لە لایەك ئێران دەبێتە گۆڕەپانی قەیران و ئاڵۆزیی جۆراوجۆر و لەلایەکی دیکەوە زوڵم وستەم و نادادپەروەری، گەندەڵی، گیرۆدەبوون بە مادەسڕکەرەکان ڕاکردنی مێشکەکان و ئاوارەیی و کۆیلەداری مۆدێرن دووڕوویی یەخەی هەموو نەتەوەکانی ئێران دەگرێ. بە سەرنجدان بە بەرەی نوێی ئازادیخوازانی نەتەوەیی لە هەناوی نەتەوە جۆربەجۆرەکانی چوارچێوەی ئێران، بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانیان دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوە لە تیۆری و تێکۆشانیاندا لە بەرچاو بگرن:

ئەلف: لە لایەنی ستراتژیکەوە

١- ڕێگە بەو هێزانەی هەڵگری ئیدئۆلۆژی نەتەوەگەرایی ئێران(فارس)ن واتە هێز و گروپە ناسراوە ناوەندگەراکان کە شوناسگەلی جۆراوجۆری ئۆپۆزیسیۆن و ڕیفۆرمخواز ...چ لە پێکهاتەی سیستمی حاکم و چ لە دەرەوەی ئەمەدا ڕێگە نەدەن ڕێبەری و نوێنەرایەتیی ئەوان بکەن.

نەوەی نوێ بۆ سەرکەوتن لە خەباتدا پێویستی بە ڕێبەریی نوێ و دیار و خاوەن شوناسی تایبەت بە خۆی هەیە.

٢- ڕێبەری هەریەك لە نەتەوەکانی نێو ئێران دەبێ لە هەناوی ئەو نەتەوەیە سەرچاوە بگرێ بە شوناس و ئیدئۆلۆژی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی پێناسە بکرێ.

٣- ڕێبەریی نوێی هەر نەتەوەیەك دەبێ لە پێناوی پەرەپێدانی فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەیی خۆی و وەرگیران و هەڵکەوتن لە سیستمێکی ناکۆجێی فیدراڵ - دێموکراتیك، تیۆری سازی، فەرهەنگ سازی و ڕێکخستن و پێکهاتە سازی بکا.

٤- بە سەرنجدان بەمە کە پێکهاتەی سیستمی ئایدیۆلۆژیك، سانترالیست و یونیتێری

ڕێژیمی پاوانکاری باڵادەست و ئەم سیاسەتانەی لەم پێناسەیە لە دەسەڵات سەرچاوە دەگرێ، دەکرێ بڵێین سەبارەت بە تەواوی نەتەوەی نافارس - شیعەکان وەك یەکە، بۆیە بەرەی نوێی خەباتکار دەبێ بە قووڵی هەست بەم بابەتە بکەن یەکەم هەنگاوی گرینگ و ستراتیژیك بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی گەلانی بەند کراوی ئێران لە نێو بردنی ئەم پێکهاتە ڕزیوو کۆنەپەرەستانەیە و بە ڕەچاوکردنی سیاسەتگەلی نەرمی خەباتکارانە لە ستراتیژیدا، وەك پێکهێنانی ڕیفۆرم، خەباتی مەدەنیانە و...وەك دوعای تەمەندرێژی بۆ سیستمی باڵادەستە.

ب: لە لایەنی تاکتیکییەوە

بە پێی ئەم ڕاستییە کە کۆمەڵگای ئێران لە نەتەوەکانی تورکی ئازەری، تورکەمەن، تورکی قەشقایی، کوردەکان(لوڕ، کورد) بەلوچ، عەرەب، گیلەکی، مازندەرانی، فارس و گروپە ئایینی و مەزهەبییەکانی تر پێك هاتووە و سیستمی دەسەڵاتدار یەك سیاسەت لە دژی هەموو ئەو شوناسانە لە چوارچێوەی سیتمێکی ناوەندگەرادا پیادە دەکا بۆیە پێویستە هەموو هێزە سیاسییەکانی نەتەوەکانی نێو ئێران کە هەرچی زووتر لە چوارچێوەی بەرەیەکی فیدراڵی خەباتکارانە بە ڕێبەرییەکی شوڕایی هاوئاهەنگدا لە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆر و چەوسێنەری دەسەڵاتدار یەك بگرن و خۆیان ڕێك بخەن و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەو دۆستانە لە پێناوی ژیان لە ژێر سێبەری دەوڵەتێکی ناکۆجێی فیدراڵ - دێموکراتیك لە داهاتوودا ئەزموون بکەن.

٢- بەشێك لە پێناسەی" مافی دیاریکردنی چارەنووس" بە واتای سەربەخۆیی سیاسی، جوغرافیایی و ئابووری لە قەوارەی وڵاتێکی سەربەخۆ و سنوورگەلی پێناسەکراوی نەتەوەیی، واتە سەرەتایی و سروشتی هەموو نەتەوەکانی بەند کراوی نێو جوغرافیای سیاسیی ئێرانە هەروەك نەتەوەکانی دیکە کە لە تەواوی شوێنەکانی جیهان ئەو مافەیان هەیە. بەڵام بە سەرنجدان بە هەلومەرجی ئێستای ناوچە و هەستیاریی دەوڵەتانی دراوسێی ئێران سەربەخۆیی هەرکام لە نەتەوەکانی نێو ئەم وڵاتە و هەروەها بە مەبەستی ڕێگە گرتن لە دەستێوەردانی ناوچەیی و سەرهەڵدانی قەیرانگەلی شیمانەیی، هەروەك زۆرینەی هێزە سیاسییەکانی نوێنەرانی گەلانی ئێران لە سەری کۆکن، شوناسە نەتەوەییەکانی چوارچێوەی ئێران باشترە پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵ و دێموکراتیك بە دوور لە کۆبوونەوەی دەسەڵات و هێز لە ناوەند و لە دەست چینێك یان شوناسێکی باڵادەستدا هەڵ بژێرێ، ئێرانێك کە لەودا دابەش کردنی دەسەڵات و سەرمایە لە نێوان نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ئێران بە شێوەی حکومەت یان ناوەندگەلی دەسەڵاتی دێموکراتیکی ناوچەیی دابەش کراوە و دەوڵەتێکی ناوەندی هاوبەش، نەك ناوەندی هاوبەش لە تەواوی شوناسەکانی نێو ئێران لە لایەك چاوەدێر و بەرپرس و پشتیوانی مافەکانی نەتەوەکان، دابەش کردنی هێز و سامان و پەرەگرتن لە نێوان شوناسە جۆربەجۆرەکاندا بێ و لە لایەکی دیکەوە ڕێگە لە کۆبوونەوەی دەسەڵات و هێز و سامان لە ناوەند بگرێ .

بە دڵنیاییەوە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە بە خێرایی لە حاڵی گۆڕان دایە و ئەو هێزە گەورانەی لە ناوچەدا دەستێوەردان دەکەن بە تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆر و زاڵ بە سەر ئێراندا خەریکی قایم کردنی سەنگەر و پێگە ناوچەییەکانی خۆیان دان وادیارە سەرهەڵدانی قەیرانی نوێ لە ناوچە بە تایبەت لە ئێراندا گەڕانەوەی بۆ نیە دەکرێ بڵێین هەلومەرجی بەرهەست بۆ گۆڕان لە پێکهاتەی سیاسی ئێراندا ئامادە و پێناسە کراوە و شتێك کە بۆتە هۆی دواکەوتن و خاوی ڕەوتی بەرەو پێش چوونی ئەو پرۆسەو پرۆژەیە هۆکاری زەینی و نێوخۆییە کە لە گوماندا مانەوەی هێزە سیاسی و ئازادیخوازەکان و شوناسخوازەکان چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران و ناهەماهەنگی و هەڵکردنی دروستی ئەوان لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە هەڵکردنی لەگەڵ هێزە ناوچەیی و بان ناوچەییەکان لەم هۆکارانن.

پڕ دیارە کە ئەگەر هێزە سیاسییەکانی نوێنەری نەتەوە جۆربەجۆرەکانی نێو ئێران نەتوانن لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتووی فیدراڵ - دێموکراتیکدا ئالترناتیڤی خۆیان ڕێك بخەن بە دڵنیاییەوە داڕشتنی پێکهاتەی هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتووی ئێران زۆر جیاوازە، غافڵگیرو دوور لە چاوەڕوانیی ئەوان دەبێ و ئەگەر لە پێکهاتەی سیاسیی ئێران گۆڕان پێك بێ، جێگیر کردنی پڕ تێچووتر دەبێ لە گۆڕینی سیستمی باڵادەستی ئێستا دەبێ ئەزموونی ئێستای نەتەوەکانی عێراق و پێك نەهاتنی ئەوان بۆ چارەسەریی زۆر لە پرسەکان تەنانەت لە ژێر سێبەری دەوڵەتێکی بە ڕواڵەت فیدراڵدا بە هۆی دەستێوەردانی دەرەکی و نەبوونی ئەزموونی پێویست لە پێکەوەهەڵکردن و تۆلێرانسی هێزە دەسەڵاتدارەکان لەگەڵ یەکتر، نموونەی بەرچاوی ئەم کەمتەرخەمییە هەرچەند لە حاڵەتێکدا کە ڕووداوی وەك عێراق لە ڕەوتی گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتدار لە ئێراندا، لانیکەم دەستێوەردان و بەڕێوەبەریی قەیران خولقێنی ڕوسیەو لە ئێراندا، زۆر پڕ تێچووتر لە دەستێوەردانی ئێستای ئێران لە عێراق دەبێ.



# حیزب پیرۆز نیە

سامان فەقێ نەبی

" حیزب هیچکات هەڵە ناکا، من و تۆ لەوانەیە هەڵە بکەین بەڵام حیزب نا. هاوڕێم ! "حیزب" شتێکە مەزنتر لە من و لە تۆو هەزاران کەسی دیکە وەك من و تۆ... هەر کەس بڕوای بەوە نەبێ لە ڕیزەکانی حیزبدا جێگای نابێتەوە ! "

بەشێك لە تەنزی کوئیتسلێر

بە پێرۆز لە قەڵەمدانی " حیزب " گەلێك ئاسەواری نێگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە. بۆ وێنە دیاردەی بەرچەسپ لێدان و بە نفوزی و پاشماوەی پارتێکی دیکە لە قەڵەمدان، یەکێکە لەو ئاسەوار و کولتوورە درێوانەی کە بە هۆی بە پیرۆز دانانی پارتێکی تایبەتەوە دێتە ئاراوە، ئەمە دیاردەیەکی باوە کە لە نێو پێکهاتەی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدی دەکرێ و زۆرجار ئەندامانی ڕەخنەگر یان ناڕازی ڕووبەڕووی دەبنەوە.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێ لەم گۆشەنیگایەوە سەیری ئەم درێوییە بکرێ کە ئەساسی ئەم جۆرە ڕوانینە دوگم و کۆنەپەرەستانەیە لەوەوە هەڵ قوڵاوە کە بەشێك لە ئەندامانی ئەو پارتانە بە هۆی هەژاریی مەعریفییەوە پارتەکەیان پێ موقەدەسە و باقیی پارت و ڕێکخراوەکانی دیکە بە خائین، لادەرو.... وەسف دەکەن. دیارە لەم نێوەشدا هێندێك لە هەلپەرەستان بە برەوپیدان بەم جۆرە دیتر هاوێژییانە( فروافکی) تێ دەکۆشن هەڵەکانی خۆیان بشارنەوە. لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا لە ئەساسدا حیزب پیرۆزە؟ پێناسە و کارکردەکانی " حیزب" لە لای هێندێك لە ئەندامانی پارتە سیاسییەکانی کورد وگرتوە تەنانەت هێندێك لە تاکە ئاساییەکانی کۆمەڵگای کوردستان، مانایەکی سەیری بە خۆیەوە ، تەنانەت هێندێك کەس دەبینن کە سوێند بە " حیزب" دەخۆن ! و وەکوو شتێکی پیرۆز دەڕواننە ئەم کەرەستە ئاساییەی دونیای ماکیاولیی سیاسەت. " حیزب" لە سادەترین پێناسەدا ، بنیاتێکە بۆ کۆبوونەوەی ئەو کەسانەی کە هاوئامانجن و بە هاریکاریی یەکتر دەکەونە شوێن دەستەبەر کردنی بەرژەوەندییەکی هاوبەشەوە ، ئەم ئامانج و بەرژەوەندییە زۆر بوار لە خۆ دەگرێ وەك گەیشتن بە دەسەڵات، ڕزگاریی نیشتمان و یان سەپاندنی ئیدئۆلۆژییەك بە سەر گشت کۆمەڵگاداو.... هیچکام لەو ئامانج و بەرژەوەندییانەش شتێکی پیرۆز نین، بەڵکو هەموویان ویستگەلێکی تەوافوقین و بەپێی بۆچوونی خاوەنەکانیان ، هەوڵێکن بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگایەکی تایبەتیدا. بۆ وێنە ئێمە خەبات دەکەین کە وڵاتەکەمان بە داگیرکراوی نەمێنێتەوە و تێ دەکۆشین کە لە ئاکامی ئەم خەباتەدا سیستمی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگا بگۆڕین، ئەمەش لە قاموسی سیاسیدا تەنیا وەك " دەرکەوتنی ئیرادەی نەتەوەیی " ناودێر کراوەو بەشێکە لە پرۆسەی مێژوویی شوناس بەخشین بە تاکو کۆمەڵگاو لە سەرکەوتووترین حاڵەتدا وەکو بەهایەکی مرۆیی دێتە ئەژمار .(ئەوەی کە دەکرێ لە لامان پێرۆز بێ، تەنیا سەمبول و ئوستوورەکانمانە)

ئەگەر سەیری مێژوو بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو پارت و لایەنانەی بانگەشەیان پیرۆزیی حیزب و دروشمەکانیان کردوە و بەڵێنی ئەوەیان داوە کە تاکە ڕێگای ڕزگاری و ئازادی لەلای وانە، گشتیان کارەسات و نەهامەتییان کردۆتە دیاری بۆ کۆمەڵگا. نموونەی حاشاهەڵنەگریشی پارتی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو کە سەرۆکەکەی (لینین) بەردەوام باسی لەوە دەکرد کە" حیزب شوێنی کۆبوونەوەی کەسانێکە کە حەقیقەت بەرهەم دێن!" و یان ترۆتسکی یەکێکی دیکە لە سەرکردەکانی ئەو بەردەوام پێداگریی لە سەر ئەوە دەکرد کە" حەقیقەت هەمیشە لە لای حیزبی من دەست دەکەوێ!" و پاشانیش بیروڕای گشتیی جیهان شاهید بوو کە ئەم ڕوانگەیە چ دەسەڵاتێکی تۆتالیتێری لێ کەوتەوە و چارەنووسی چەند میلیۆن کەسی بەرەو ئۆردوگاکانی مردن لە سیبری ڕاکێشا. بێ گومان گۆڕەپانی خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوارۆژدا ئەو پارتانە لە ئامێز دەگرێ کە کراوەیی و تۆلێرانس بەشێکی دانەبڕاو بێ لە ناسنامەیان. بەخۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بوارەوە بە بەراورد لەگەڵ پارتەکانی تر هەنگاوی شیاوی هەڵێناوەتەوە، بەڵام پێویستە گشتمان شێلگیرانەتر بۆ سڕینەوەی ئەو کولتوورە، درێوە هەوڵ بدەین.

# پێشەنگانی هزری دێموکراسی*

ن: حوسێن بەشیریە
و. بۆ کوردی: ئامانج

(١)



بە گشتی دێموکراسی وەك سیستمی حکومەتی، بەر لە سەدە نوێیەکان لە لای هەموو فیلسوف و هزرمەندە سیاسییەکان بە سیستمێکی ناپەسندو گەندەڵ لە قەڵەم دەدرا. ئەفلاتون کە بۆ خۆی لایەنگری حکومەتی فیلسوفەکان و زاناکان بوو، دیموکراسی بە حکومەتی خەڵکی نەزان و دابڕاو لە حەقیقەتە رەهاکان دەزانی. ئەرەستویش لەگەڵ ئەوەی کە هێندێك لایەنی بەسوودی لە جۆرەکانی حکومەتدا دەدی، دیموکراسی بە حکومەتی هەژاران دەزانی کە هەروەك ساماندەرەکان لە فەزیلەتی میانەڕەوی بێبەشن. حکومەتی دڵخوازی ئەرەستو حکومەتی چینی نێونجی بوو کە بە رای ئەو میانەڕەون. بیرمەندانی دیکەی سەردەمی کەونار و سەدەکانی نێوەڕاست ئەوپەڕەکەی دیموکراسییان وەك یەکێك لە پاژەکانی ئەو سیستمە سیاسییە تێکەڵدوانە قبووڵ دەکرد کە بە ئاوێتەبوون لەگەڵ توخمەکانی حکومەتی پاشایی و خانەدانی، دەبوونە هۆی هاوسەنگیی سیستمی سیاسی. بە پێچەوانە لە سەردەمی مۆدێرندا، لە سەدە نوێیەکانەوە بەملاوە، دیموکراسی بە چەشنێکی روو لە هەڵکشان وەکوو باشترین شێوازی رێکخستنی ژیانی سیاسی باسی لێوە کراوە. سروشتییە جیاوازیی بۆچوون دەربارەی چیەتیی پێناسەی دیموکراسی لە نێوان تیوریستەکاندا زۆر بەربڵاو بووە. بەڵام پەسندبوونی دیموکراسی لە جیهانی مۆدێرندا ئەوەندە زیادی کردوە کە تەنانەت نادیموکراتیکترین حکومەتەکانیش خۆیان بە دیموکراتیك دادەنێن.

بە گشتی ئەو بیرو بۆچوونانەی لە کۆنەوە تا ئێستا سەبارەت بە دیموکراسی خراونەتە روو، بە دوو دەستەی گەورە پۆلێن دەکرێن. یەکیان تیۆرە ئایدیالگەرایانەکان و دووەمیان تیۆرە راستیگەرایانە (واقع گرایانە)کانە. روانگەی ئایدیالگەرایانە یان دیموکراسی زۆرینەیی، هەمان روانینی کلاسیك لە دیموکراسییە کە لە سەر ئازادیی تاکەکەسی، بەشداریی گشتی لە سیاسەتدا، فەزیلەتی مەدەنی، ئازادیی ئەرێنی، داشکان بە لای بەرژەوەندیی گشتی و حکومەتی زۆرینەدا پێداگری کردوە. لەم روانگەیەوە دەنگی خەڵك، دەنگی خودایەو زۆرینە هیچکات هەڵە ناکا، بیرورای گشتی هەمیشە راست و دروستە و هەمیشە دەتوانرێ متمانە بە ئاوەز و فەزیلەتی خەڵك بکرێ. ئاوەزی خەڵك هەمیشە ئاوەزی ساخڵەمە. هەر لەم روانگەیەوە هەموو پلەو بەرپرسیارێتییەکان دەبێ بە هەڵبژاردنی بێ و لە راپرسی و گەڕانەوە بۆ بیروڕای گشتی وەك یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی حکومەتی دیموکراتیك بە بەردەوامی کەڵك وەردەگیرێ. لە بەرانبەردا، واقعگەراکان هەمیشە پەرۆشی ئەگەری سەرهەڵدانی سەرەڕۆیی زۆرینە، سەرکوتی کەمینە فکرییەکان، لاگیریی سیاسەت بە لای زێدەڕۆییدا لە ئاکامی بەشداریی بەردەوامی جەماوەری خەڵك، ئەگەری دامەزرانی حکومەتێکی سەرەڕۆ بە ناوی خواستی گشتی و فەزیلەتی مەدەنییەوە و لەنێوچوونی کۆت و بەندە قانوونییەکانی دەسەڵات بوون و لەو لایشەوە داکۆکییان لە مافە تاکەکەسییەکان، دەوری زانست و زانیاری و رۆشنبیری لە هاوسەنگ کردنی حکومەتی زۆرینەدا، ئازادیی نەرێنی بە واتای دەربازبوون لە حکومەتی سەرەڕۆیانەی تاکەکان و گرووپەکان و زۆرینە و رەسەنایەتیی بەرژەوەندیی تاکەکەسی کردوە. لە روانگەی واقعگەراکانەوە دەسەڵات هەر چۆنێك بێ مەترسیدارە و دەبێ بە شێوازە قانوونییەکان سنووردار بکرێ و دیموکراسی لە راستیدا حکومەتی قانوونە. دەسەڵاتی رەهای زۆرینەش هەر بەو رادەیە یان زۆرتر لە دەسەڵاتی رەهای کەمایەتی، مەترسییە بۆ سەر هەق و ئازادی. لەم رووەوە لە سەر گرنگیی پەروەردە و بارهێنان بۆ دیموکراسی، پێکهێنانی ئۆگری بە پرسە گشتییەکان. دروست کردنی" زۆرینە کاریگەرەکان" لە جیاتی زۆرینەگەلی ژمارەیی و نادڵخوازانە، سنووردار کردنی دیموکراسی بە راوێژ لەگەڵ خەڵك و نێوبژیوانیی ئەوان لە جیاتی حکومەتی جەماوەری خەڵك و پێویستیی پەروەردەکردنی کارناسانی بواری سیاسەت پێداگری دەکەن.

یەکێك لە لقە سەرەکییەکانی روانگەی واقعگەرایانە، تیۆرەکانی دیموکراسیی فرەگەرایانەی هاوچەرخن. لەم روانگەیەدا دەبێ لە جیهانی ئەمڕۆدا جەوهەری دیموکراسی نە لە حکومەتی زۆرینەی خەڵکدا، بەڵکوو لە حکومەت و رکەبەرایەتیی چەندین گرووپی هەڵبژاردە یان هێزی سیاسیدا بدۆزرێتەوە. بەم پێیە یەکەی دیموکراسی تاك نیە، بەڵکوو گرووپە. فرەگەرایان لە سەر فرەیی گرووپەکانی دەسەڵات لە دیموکراسییەکاندا و مەیلی دەسەڵاتی سیاسی بە لای بەربڵاویدا پێداگری دەکەن. رکەبەرایەتی لە دیموکراسییەکاندا نە لە نێوان خەڵك و گرووپەکانی دەسەڵاتدا، بەڵکوو لە نێوان ئەم گرووپانەدا دروست دەبێ. دیارە ئەم رکەبەرایەتییە دیموکراتیکە، چونکە" رێوشوێنەکانی یاریی دیموکراسی " لەودا رەچاو دەکرێ. ژمارەیەك لە تیۆریستەکان پێیان وایە دیموکراسی بەم واتایە پولیارشی(١) (حکوومەتی چەند گرووپ)یە. لەم روانگەیەوە دیموکراسی لە راستیدا شێوازێکە بۆ هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران و بڕیاردان و پێوەندییەکی بەو شتەوە نیە کە لە روانگە کلاسیکییەکاندا بە بەهاکانی دیموکراسی (وەك ئازادیی تاکەکەسی، بەشداریی گشتی، هەستی بەرپرسیارێتیی مەدەنی و هتد) لە قەڵەم دەدران. دیموکراسییش وەك سیستمی بازاڕ وایە کە لەودا یاریکەرەکان بۆ وەدەستهێنانی دەنگی زیاتر پێکەوە رکەبەرایەتی دەکەن.

لە کۆمەڵگەکانی ئەم سەردەمەدا ئازادی و وشیاری و مافی هەڵبژاردنی تاکەکەسی و حکومەتی زۆرینەی وشیار هەرچەند دڵخواز و باشە، بەڵام ئیتر کردەیی نیە. تەنیا دەتوانین لە رێگەی رەچاوکردنی رێوشوێنەکانی یاریی دیموکراسییەوە، هاوسەنگییەك لە هێزەکان لە پانتایی سیاسەتدا پێك بێنین و لە سێبەری ئەو هاوسەنگییەدا پارێزگاری لە مافەکانی تاکەکان بکەین. لەم پێوەندییەدا تاکەکان بە شێوەیەکی سروشتی مەیلێکی وەکیەکیان نیە. لەم رووەوە پرسی سەرەکی لە دیموکراسییەکانی ئێستادا، ئازادیی تاك و حکومەتی زۆرینە نیە، بەڵکوو هاوسەنگیی نێوان هێزە سیاسییەکانە بۆ ئەوەی بە هۆی دەستبەسەردا گرتنی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی هێز لێك بڵاو بن و دەرەتانی رکەبەرایەتی لە نێوان هێزە سیاسییە رێکخراوەکاندا پێك بێ. لەم روانگەیەوە دیموکراسی پێکهاتەیەکی حکومەتیی تایبەتە کە ئەوەندە پێویستی بە هاووڵاتیگەلی دیموکرات و خاوەن فەزیلەتی مەدەنی، بە واتا کلاسیکییەکەی ئەو نیە. تەنانەت لە پێکهاتەی پلۆرالیستیی دەسەڵاتدا دەوڵەت لە گوشار و داخوازە راستەوخۆ و بێسەروبەرەکانی جەماوەری خەڵکیش پارێزراوە و لە سیاسەتدا هاوسەنگی پێك دێ. لەم روانگەیەوە بەشداریی راستەوخۆ و بێ-سەروبەرانەی جەماوەری خەڵك لە سیاسەتدا، دەبێتە هۆی خەڵك خەڵەتاندن و ناجێگیری و بڵاودەستیی روانینە ناواقعبینانەکان. بەشداریی سنووردار بەڵام هەڵسەنگێندراو و ئاوەزمەندانەی خەڵك لە بەشداریی هەڵ نەسەنگێندراو و هەستەکیی ئەوان باشترە. لەم وتارەدا بە کورتی ئاماژە بە بۆچوونی گرنگترین هزرمەندانی کۆن و نوێ دەربارەی دیموکراسی دەکەین.

* خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن لە ژمارەی داهاتووەوە درێژەی بابەتی "پێشەنگەکانی هزری دێموکراسی"، لە نووسینی حوسێن بەشیریە و پاچڤەی ئامانج لە ستوونی لاپەڕەی هزردا بخوێننەوە. شایانی باسە کە لەم وتارەدا بۆچوونی چەند بیرمەند لەم پەیوەندییەدا روو کراون، کە لە هەر ستوونێکدا بیرو راکانی بیرمەندێك دەخوێننەوە.

# من خەتابارم، کەواتە هەم!

سامان کۆنەپۆشی

دیکارت، مەزنە فەیلەسووفی فەرەنسی، لە دوائاکامی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنەی فەلسەفیدا بەم دەرئەنجامە گەیشت کە، "من دەهزرم، کەواتە هەم". دیکارت رێگایەکی دووردورێژی پێوا هەتا بەم ئەنجامە کۆتاییە گەیشت بۆ سەلماندنی بوونی خۆی لە جیهاندا. رەنگە بکرێت مرۆڤەکان لە رێگا و رێچکەگەلێکی لێکجیا و جیاوازەوە بە دەرئەنجامگەلێکی جیاواز بگەن بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان. لەوانەشە بکرێت ئەم شێوازە بۆ سەلماندنی بوون زیاتر بگشتێنین و لە ئاستی بوونی تاکەکەسییەوە بیگوێزینەوە بۆ ئاستێکی بەرفراوانتر، واتە ئاستی نەتەوەیی.

کە لاپەڕەکانی مێژووی خۆرهەڵاتی ناڤین دەدەینەوە، دەبینین کە نەتەوەیەك لەم کونجە لە جیهاندا دەژی کە مێژوویەك لە خەباتی شوناسخوازانەی هەیە، کەچی هێشتا نەیتوانیوە ئەندۆچکەییترین مافە مرۆیی و نەتەوەییە رەواکانی خۆی بەدی بێنێت ـ جگە لەو بەشە چووکەیەی باشووری کوردستان، کە چ لە باری حەشیمەت و چ لە باری مەساحەی جوگرافیاییەوە بەشێکی ئێجگار بچووکی کوردستانە.

لە لایەکی دیکەشەوە، مێژووی ئەم نەتەوەیە هێمای سوڕانەوەی ئەم نەتەوەیەیە لە ناو بازنەیەکدا. بازنەیەك کە هەموو ئاکامەکانی بۆ ئەم نەتەوەیە کردۆتەوە بە هەمان سەرەتا. لە سەرەتاوە تا سەرەتا، مێژوویەك لە دووپاتبوونەوەی کارەساتەکانی بۆ ئەم خەڵکە تۆمار کردوە. ئەم نەتەوەیە مێژوویەکی لێوڕێژ لە نواندنی توندوتیژی، مێژوویەکی تەژی لە رژانی خوێنی سەدان هەزار مرۆڤی بێتاوانی بینیوە، کە هەمووان مافی خۆیان بوو بژین. نەتەوەیەك کە هەمووکات پشتی بە هێزی فیزیکی تاکەکەسەکانی بەستوە و چەمکەکانی شەڕکەری ئازا، جەنگاوەر، قارەمانی مەیدانەکانی جەنگ و بەربەرەکانێ لەگەڵ دوژمن و ... تاد، لای ئەندامانی ئەم نەتەوەیە خاوەن نرخ و بەهایەکی تایبەتی بوون. بەڵام ئەمە بۆ ئێمە راستییەکی ئێجگار تاڵ و ناخۆشە کە هەموو راپەڕینەکانی کورد تێك شکاون و تەنیا تۆمارکردنی شکستێکی دڵهەژێنی دیکەیان لێ کەوتۆتەوە. کورد لەم مێژووە دووردرێژەی بەرخۆدانی توندئاژۆیانەدا توانیویەتی بە سەدان و بگرە هەزاران مرۆڤی شەڕکەر و نەترس بەرهەم بێنێت کە لە مەیدانەکانی بەربەرەکانێدا گەورەترین قارەمانەتییەکانیان لە مێژووی ئەم نەتەوەیەدا تۆمار کردوە، بەڵام ئەمەش حاشای لێ ناکرێت کە بوونی ئەم هەمووە قارەمان و جەنگاوەرە نەتەوەییە، نەیتوانیوە تەنانەت بچووکترین دەسکەوتەکان بۆ کورد بە دیاری بێنێت.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەم خاڵەیە کە، کورد تاکوو ئێستاش نەیتوانیوە خوێندنەوەیەکی مۆدێرنیستی بۆ تێکشکان و شکستەکان بکات، واتە بنج و بناوانی شکستەکان لە ناو خۆیدا و لە فاکتەرە ناوخۆییەکاندا ببینێتەوە. توانستی گرتنەئەستۆی خەتاکانی نەبووە و نەیتوانیوە دان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێت، لە کاتێکدا فاکتەرە ناوخۆییەکان گەورەترین شوێنەکان لە سەر ئاکامی کارەکان دادەنێن. کورد هەمووکات قەناعەتی بەو خوێندنەوە نەریتییە کردوە کە خەتاکان بخاتە ئەستۆی کەسانێکی دیکە و هەلومەرجی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بە نالەبار و نائامادە لە قەڵەم بدات. داخوا کورد بۆ جارێکیش پرسیاری لە خۆی کردوە کە تۆ بڵێی هەڵەکان لە منەوە بووبێتن؟ بۆ کورد بەردەوام لە ناو بازنەیەکدا دەسوڕێتەوە و مێژووەکەی مێژوویەکی بازنەئاسایە؟ بۆ بەردەوام راپەڕین و بزووتنەوەکانی تێك دەشکێن؟ داخوا هەڵەکە لەو میتۆدەی خەباتدا نیە کە ئەمن گرتوومەتە بەر؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن کە رووەو خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیانەی پرسەکەمان دەبەن و تا ئێستاش ئێمە نەمانتوانیوە خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیانە بۆ تێکشکانەکانمان بکەین. لە کاتێکدا کە یەکێك لە فاکتەرە بنەواشەییەکانی تێکشکانە یەك لە دوای یەکەکانی ئەم نەتەوەیە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. بۆ نەخوێندنەوەکان و خراپ خوێندنەوەکانی پرسەکان. لە کاتێکدا کە کورد هێند خەتابارە کە ئەگەر رێگایەك بۆ بوونی خۆی لە ناو نەتەوەکانی دیکەدا ببینێتەوە، ئەوا بە راشکاوی دەتوانێت بڵێت: من خەتابارم، کەواتە هەم!

# راگەیاندنی گشتی ( ماس مێدیا )ی کوردی و کێشەی یەکسانی

بەشی یەکەم

شەهلا دەباغی

بۆ شیکردنەوەی رۆڵی راگەیەنەکانی گشتی کوردییەکان (لێرەدا تیڤییەکان) لە سەر کێشەی یەکسانی پێشتر دەبێ چەند چەمك و بنەمای فکری تاوتوێ بکرێ. چەمکەکانمان ماس مێدیا، ئازادی بیرورا، بەرابەری و دێموکراسین و بنەمای فکری ئەو باسە دوو چەمکی ژێندێرو یەکسانیی نێوان دوو جنسە.[1]

**راگەیاندنی گشتی (ماس مێدیا)**

بەو بەشە لە مێدیا دەوترێ کە رووی لە خەڵکێکی زۆرە، بۆ وێنە دانیشتوانی وڵاتێك. ئەو چەمکە زیاتر لە ١٩٢٠دا بە دوای کاری بەرفراوانی رادیوو رۆژنامەکان کەڵکی لێ وەگیراوە. گەرچی پێشتریش ماس مێدیا بەرفراوانی هەبووە. مەبەست لە مێدیا، رادیۆ، تی ڤی، گۆڤار، رۆژنامە، فیلم، شانۆو سایتی ئینتێرنێتی و هەروەها وێبلاگەکانە.

سەرچاوەی هەواڵ زیاتر رادیۆ، تی ڤی و رۆژنامەکانن. هەر ئەوانەشن کە بە گشتی لە سەر رای گشتی و ( پێکهێنانی ئۆپۆزیسیون) کاریگەرییان هەیە. ماس مێدیا نە تەنیا لە سەر خەڵك بەڵکو راستەوخۆ لە سەر ئەو کەسانە کە خاوەن دەسەڵاتی سیاسین و بریاردەرن، کاریگەرییان هەیە. هەر بۆیە جۆرێك لە بەرپرسایەتیی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە سەر شانی ماس مێدیا. مێدیا لە زۆر وڵات بە دەسەڵاتی سێیەم یان چوارەم ناو دەبردرێ.

**راگەیەنە گشتییەکان چوار ئەرکی ئەساسییان لە سەر شانە:**

١ـ دانی زانیاری و خەبەر بە خەڵك ٢ـ شیکاری و ئانالیزی رووداوەکان ٣ـ پێداچوونەوەو کۆنترۆڵی دەسەڵات، ئۆرگانەکان، بازارو هتد ٤ـ بوون بە ئاڵقەی پێوەندی لە نێوان خەڵك و نوێنەرانی هەڵبژێردراودا. ماس مێدیاکان دەبێ شوێنێك بن بۆ باس و دیالۆگ لە سەر کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان.

خاڵی زۆر گرنگ ئەوەیە کە ماس مێدیا "بنێر"ی (فرستندە) بەردەوامی پەیامە بۆ تاك یان کۆمەڵێك "بگر" (گیرندە) کە دواتر، بینەر، گوێگر یان خوێنەرە ئەو پەیامە وەردەگرێ و تەفسیری دەکاو دیسان دەیکاتەوە بە پەیامێکی تر.

**ئازادیی بەیان و قەڵەم**

ئەو مافەیە کە تاك بتوانێ بیرورای خۆی لە رێگای مێدیاکان بە بێ سانسۆرو یان ترس لە سزا، چ بە وتن و چ بە نووسین، دەربڕێ. ئەو مافە لە جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ و هەر وەها لە کۆنوانسیۆنی مافی مرۆڤی ئوروووپادا بە رەسمییەت ناسراون. ئازادیی بەیان شەرت و مەرجی سەرەکییە بۆ پەرەپێدانی دێموکراسی لە وڵاتاندا.

**بەرابەری**

هەموو ئینسانەکان ئەرزشی بەرابەر و یەکسانیان هەیەو هەموو تاکەکان لە بەرانبەر یاسادا وەك یەکن و مافی وەکیەکیان هەیە، جیا لە هەر تایبەتمەندی و پێوەندییەکی سیاسی، نیژادی، دینی، باوەڕ، روخسارو رەنگ، جنس، کەم ئەندامی و هتد، کە هەیان بێ. هەر چەشنە هەڵاواردنێك بەو هۆیانەوە ناپەسەندە.



**دێموکراسی و مافی دەربڕینی بیرورای کەمینە**

دێموکراسی بە گشتی بە دەسەڵاتی خەڵك ناسراوە لە سیستمە دێموکراتییەکاندا هەموو ئینسانەکان مافی بەرامبەری دەنگدانیان هەیە. لە کۆمەڵگایەکی دێموکرات و مەدەنیدا باسکردن لە دێموکراسی بە بێ ماس مێدیایەکی رەخنەگر و ئازادیی بەیان نامومکینە.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە گرنگە کە دێموکراسی دەرهاوێژە. لە باشترین دێموکراسییەکاندا هێندێك تاك و گرووپ وەك کەمینە لە دەرەوەی دەسەڵات دەمێننەوە. هەر بە هۆی ئەو تایبەتمەندییە، ئەو میکانیزمە لە ناو دێموکراسیدا (بۆ من) گرنگی هەیە کە جێگا بۆ بیرورای کەمینە دەکاتەوەو لە ناو مێدیاکاندا، ئیمکانی رەنگدانەوەی بۆچوونەکانیان دەرەخسێنێ.

**بنەما فکرییەکانی ژێندێر (Genus Geder)**

لە چەمکی ژێندێردا ئینسان / تاك، وەك سۆسیال کۆنسترۆکشون، دەستکردو بەرئەنجامی دەسەڵات و فاکتەرەکانی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی، دەبیندرێ، واتە ئینسان لە کاتی لە دایك بوونەوە تا گەورەبوون لە سیستمی ژێندێردا دەژی کە لە پێشتردا ژنانە بوون یان پیاوانە بوونی تاریف و دیاری کردوە. بۆ وێنە پیاو دەتوانێ زۆر کار بکا بەڵام ژن ناتوانێ هەمان کار بکا. لەو سیستمەدا، هەڵاواردن بە پێی جنس، دەکرێ ئەوەش لە رێگای کولتوور و زمان و جلوبەرگ، بە بێ نووسینی یاسا، بە جۆرێك بە رەسمی ناسراوەو شوێن وپێگەی جیاواز دەداتە ژن و پیاو. لەو سیستمەدا پیاو نۆرمەو ژن بوونەوەرێکی دەرەجە دوویە. پیاو باڵادەستەو ژن ژێردەستە. پیاو کات و شوێن داگیر دەکا بەڵام ژن دەبێ خۆی کۆکاتەوەو خۆی بگونجێنێ. بە جۆرێك دەکرێ بڵێین کە هەموو لە ئاڵقەی قەراردادی سیستمی ژێندێری داین و واتە جۆرێك نەزم و تەرتیبی سیاسی و کولتووری کە ماف و ئەرکەکان لە نێوان دوو جنسدا دابەش دەکا.

لێرەدا ئەو خاڵە گرنگە کە رۆڵی تاك و بەپرسی ئەو، کۆمەڵ و دەسەڵاتی سیاسی، رۆژبەرۆژ کاریگەرییان لە سەر سیستمی ژێندێردا هەیە. سیستمەکان هەمیشە لە حاڵی گۆڕان دان و سیستمی ژێندێریش دەکرێ بگۆڕدرێ، بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەك سوئێد خەبات بۆ یەکسانی زۆر دەستکەوتی بووە و ژنان زۆر مافیان وەدەست هێناوەو یان پیاوان زۆر کار دەکەن کە پێشتر نەیان دەکردو بە کاری ژنانە ناسرابوون.(٢)

**یەکسانی نێوان دوو جنس یان دوو گروپی ئیتنیکی**

**Jamstalldhet/ equality between the sexes**

جیاوازی ئەم چەمکە لەگەڵ چەمکی بەرابەری ئەوەیە کە "بەرابەری" مافی تاکەکانە لە ناو کۆمەڵگادا، بەڵام ئامانجی لایەنگرانی ئەم چەمکە هەم بەرابەری ئینسانەکان و هەم مافی یەکسان لە نێوان "دوو گروپی جنسی"یە.

بەکارهێنانی ئەو چەمکە لە بوارەکانی تری کۆمەڵایەتییشدا پەرەی سەندوە، بۆ وێنە کاتێك باس لە سەر "مافی یەکسانی نێوان دوو یان چەند گروپی قەومی / ئیتنیکی"یە.

**"مافی یەکسان"و "کێشەکانی ژنان" لە مێدیای کوردیدا**

بە رای نووسەری ئەو بابەتە، نەبوونی یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاواندا بە گشتی، و هەروەها زاڵبوونی دەسەڵاتی سیستمی ژێندێری لە کوردستاندا، واقعێکی ژیانی کوردەوارین. هەر بۆیە ئەو دوو تایبەتمەندییە، نەبوونی یەکسانی و زاڵ بوونی سیستمی ژێندێر، وەك دوو گریمانەی سەرەکی بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. هەروەها هێندێك خاڵ لەو بابەتەدا دەبێ لەبەرچاو بگرین. لەوانە:

١ـ بۆ هەڵسەنگاندنی رەنگدانەوەی مەسەلەیەکی تایبەت لە مێدیاکان و یان مێدیاییەکی تایبەتدا، (بۆ وێنە شەڕی ویتنام یان رادەی رەنگدانەوەی چالاکییە وەرزشییەکانی ژنان) چەند شێوەو مێتۆد هەیە: لەوانە رۆژێکی تایبەت لە مانگەکان و یان ماوەیەکی دیاری کراو هەڵدەبژێرن و چاو لە بڵاوکراوەکانی تی ڤی، رۆژنامە، یان هەر ماس مێدیایەك کە بابەتی لێکۆڵینەوەکە بێ، دەکەن. یان چەند مێدیا هاوکات دەبنە کەرەسەی لێکۆڵینەوەو بەراوەردێکیان لە نێواندا دەکەن. دیارە ئەو مێتۆدە دەتوانێ جێگای رەخنە بێ چونکە رەنگە زانیاری گرنگ لەو ماوەیە کە وەبەر لێکۆڵینەوە نەکەوتوە، لە دەست بچێ.

بە هۆی ئەوە کە من هەموو رۆژێك و بەردەوام ناتوانم چاو لە تی ڤییەکانی کوردی بکەم ( بەڵام تا ئەو جێگایە کە بۆم برەخسێ بینەرم)، سەرجەم دیتنەکانی خۆم لە ماوەی ئەو چەند ساڵە کە تی ڤییەکانی کوردی دەستیان بەکار کردوە، دەکەمە بناخەی هەڵسەنگاندنی رۆڵی تی ڤییەکانی کوردی لە سەر کێشەی "یەکسانی". رەنگە زۆر بەرنامە لە تی ڤییەکاندا باسیان لە کێشە کردبێ و من نەمبینیبێ. بەڵام هەوڵم داوە ئەوەندەی کە بۆم دەکرێ بێ لایەن باسەکە پێشکەش بکەم. (گەرچی خۆم بە لایەنگری یەکسانی و بەرابەری دەزانم.)

٢ـ کاتێك باس لە مێدیای کوردی دەکەین رۆڵی گرنگ و کارە ئەرێنییەکانیان لە بیر ناکەین بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە کاری ئەرێنی مێدیایەك دەبێ بەشێك بێ لە سروشتی مێدیایەکی بەرپرس و ئەوە نابێتە هۆی ئەوە کە رەخنە لە لایەنە لاوازەکانیان نەگرین.

٣ـ مەبەست لە هەڵسەنگاندنی تی ڤییە کوردییەکان لێرەدا ئەوەیە کە ببینین چەمکەکانی دێموکراسی، ئازادی بیرورا، بەرامبەری و یەکسانی لەو تی ڤیانەدا چۆن رەنگ دەدەنەوەو جێگەو پێگەی ژنی کورد لەو مێدیایانەدا چۆنە. شایانی باسە کە لە وڵاتانی دێموکراسیدا بەردەوام مێدیاکان خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن و گرتنسکا / پێداچوونەوە بە کاری مێدیاکان هەم لە رێگای خودی یاسایی و هەم لە دونیای ئاکادێمیدا ئەنجام دەدرێ. بەڵام لە لای ئێمە تا ئێستا ئەوە گرنگە وەك ئەرکێکی مێدیایی و یاسایی نەناسراوە.

٤ـ مەبەستی لێکۆڵینەوەکە لێرەدا تەنیا تی ڤییەکانە چونکە دەستم بە هەموو چاپەمەنییەکان و رۆژنامەکان راناگاو هەروەها رادەی وێبلاگ و سایتەکان زۆر زۆرن و دەبێ بە جۆرێك ئەو لێکۆڵینەوەیە سنووری بۆ دابندرێ. (بەلەبەرچاو گرتنی ئەوە کە تا رۆژی کۆنفرانس تەنیا دوو حەوتووم کات بووە و رۆژانە بە هۆی کاری دەرەوە، کاتێکی کەمم بووە)

٥ـ کێشەی ژنان جیهانییە. تەنانەت لە وڵاتێکی وەك سوید کە پرۆسەی بەرەو یەکسانی چوون تا رادەیەکی باش چۆتە پێش هێشتا لە مێدیاکاندا زۆرجار ژن وەك ئۆبجێکت دەبیندرێ و زۆرجار لە پەراوێز دایە. بۆ وێنە لە سینمارێکدا سەبارەت بە "ماس مێدیاو یەکسانی" لە مانگی ژوئەن لە ساڵی ٢٠٠٥دا باس لەوە دەکرێ کە: "پیاوان بەڕادەیەکی زۆر زیاتر لە ژنان لە ماس مێدیا دەردەکەون. لە سەدا٧٣ی باسەکانی ماس مێدیا باسی پیاوانە. تەنیا لە سەدا ١٨ی باسەکان تایبەت بە ژنانەو تەنیا لە سەدا ٨ی بە شێوەیەکی یەکسان باسی ژنان و پیاوان دەکرێ.

کاتێك باسی چالاکییە وەرزشییەکان دەکرێ، لە سەدا٨٤ی باسەکان لە سەر پیاوانە. لە بەشی هەواڵەکاندا لە سەدا ٧٢ی هەواڵەکان پێوەندیی بە پیاوانەوە هەیە."(٣)

[1] بۆ ئەوە تارفێکی گشتی کە هەمووان لە سەری رێك بین، لەو چەند چەمکە بە دەست بدەین لە ویکیپێدیا کەڵکم وەرگرتوە. http//sv.wikipedia.org

[2] ئیڤۆن هیردمان پرفسۆر لە مێژوودا، لە ساڵی ١٩٨٨ لە سوید ئەو چەمکەی هێنا بەر باس و شیکردنەوە.

ئەو وتارە بۆ کۆنفرانسی "پرسی ژن و یەکسانی" لە ستۆکۆلم بە بۆنەی ٢٥ی نوامبری ٢٠٠٨ پێشکەش کراوە.

## ڕۆژنە

# هەرزان و تالانە گوڵم!

عەلی بداغی

رۆژی سێ شەممە، ١٠ ی بەفرانباری ئەم مانگە ئەحمەد نەجاری، خەڵکی ئاوایی کاسەکەرانی پیرانشار و خاوەنی ژن و باوکی سێ منداڵ بە هۆی تەقەی هێزەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە کوێستانەکانی کانی خودا گیانی لە دەست دا. ئەم جۆرە رووداوانە ئەوەندە لە کوردستان دووپاتە بوونەتەوە کە ئیدی نە دەبنە مانشێتی رۆژنامەکان و چەند پاتبوونەوەشیان جۆرێك راهاتن و خوو گرتن و ئاسایی بوونەوەی لای کۆمەلانی خەڵك دروست کردوە.

بە پێی ئامارەکانی ناوەندی هەواڵی" کوردستان و کوردنیوز" لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەم ساڵدا پتر لە ١٠٠ کەس لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە هۆکارو شێوازی جۆراوجۆر لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە کوژراو، بریندار و دەسبەسەر کراون. لە ٥٩ کەس کوژراوی ئەو رووداوانە ٤٠ کەسیان راستەوخۆ بە تەقەی هێزەکانی رێژیم کوژراون و ١٩ کەسەکەی دیکەشیان لە کاتی راوەدوونان لە لایەن ئەو هێزانەوە بە رووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەست داوە. ئەو ئامارە لە ئەنجامی ئەو هەواڵ و زانیارییانە کۆ کراوەیە کە بەو ناوەند گەیشتوون، ئەگینا رێژەی توندوتیژی و سەرکوتی کارسبکارانی کوردو ئەژماری قوربانییانی رەفتاری دژەمرۆڤانەی هێزەکانی رێژیم دەرحەق بە رۆڵەکانی گەلی کورد گەلێ لەوە زیاترە.

کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد بریتین لە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکانی سەر سنوور، پیاوان و ژنان و تەنانەت منداڵان کە قوربانیی سیاسەتە دژەگەلییەکانی ئەو رێژیمەن کە کوردستانی لە دواکەوتوویی ئابووری وکلتووریدا راگرتوە. هەموو پەلەقاژە و دەست بە کونی ماردا کردن و سنوور بەزاندن و ئەو سەرماو سۆڵ بڕینانەی کاسبکارانی کورد بۆ پارووە نانێکە چۆتە سەر پشتی شێرو لە گەرووی نەهەنگدا بۆی دەگەڕێن، ئەگینا نە ئەو ژینە کۆڵەمەرگییە ناوی ژیانە و نە ئەو کەلوپەلانەی ئەوان لە کۆڵیان ناوە شیاو و بایەخی ئەو گیانبەخت کردن و هانکە هانك و تووشی تووش هاتن و چەرمە سەرییەی هەیە.رێژیمی ئیسلامیی ئێران ناوی قاچاغچیی بە سەر کۆڵبەران و کاسبکارانی کورددا بڕیوە و بەم جۆرە بە بەتاوانبار ناساندنی ئەو توێژە لە خەڵکی هەژار و بێدەرەتانە رێی بۆ هەر چەشنە سەرکوتێك و توندوتیژییەك و کوشتن و تالانبڕییەکی خۆی خۆش کردوە. بەڵام لە راستیدا رێژیم خۆی تەنیا تاوانبار و خاوەن کێشەی سەرەکییە کە ئەو دۆخەی بە سەر خەڵکی هەژار داسەپاندوە.

چونکی ئەو کێشەو گرفتانەی ئەو خەڵکەی ناچار بە کۆڵبەری و سنووربەزاندن کردوە، ناچار بە تێپەڕین لە هەڵدێڕ و گورەپانە مینەکان و بەرگە گرتن لە بەرامبەر سەرماوسۆڵەو رقی سروشت کردوە، هەر هەمووی سەرچاوەکەی بۆ سیاسەت و بیرۆکەو بەرێوبەریی ئەو رێژیمە لە کوردستان دەگەڕێتەوە. کوردستانێکی لە دواکەوتوویدا راگیراو، بێکاری یەکی کارەساتبار، هەژارییەکی لە رادەبەدەر، چوونە سەری تێچووەکانی ژیان بوارگەلێکی لە بار بۆ پەنابردنە بەر هەر چەشنە کارێکی تاقەت پڕووکێن و مەترسیدارن. بەڵام لەگەڵ هەموو مەترسییەکانی بەردەم رێی ئەو ژیانە کۆڵەمەرگییە، لە هەڵدێران لە رەوەزە بەرد دو تەقینەوەی مین لە ژێر پێ‌و کوژران و نقوستان بوون بگرە تا و لە سەرمان رەق هەڵاتن، ئەوەی جێی تێڕامان و پرسیار خولقێنە ئەوەیە کە رێژیم بە جێی دابینکردنی کار بۆ رۆڵەکانی ئەو گەلە هێزەکانی دەنێرێتە سەر رێگەیان و بۆسەیان بۆ دادەنێ، بە جێی پاراستنی گیان و ماڵیان لە دەستدرێژی هەر خۆی سیلەیان لێ دەگرێ و رێگەی هاتوچۆ یان مینرێژ دەکا، تەقەیان لێ دەکاو ماڵ و ژیانیان بە تاڵان دەباو تەنانەت بەزەیی بە ئێستر و وڵاغی ئەو کاسبکارانەشدا نایەتەوە ئەو ئاژەڵە بەستەزمانانەش دەداتە بەر رەهێڵێەی فیشەك و قڕیان دەکا.

هەموو ئەو رەفتارە دژی مرۆییانە ئەو ئاماژەیەن کە ئەو رێژیمە هیچ نرخ و بەهایەك بۆ گیانی مرۆڤی کورد دانانێ، کوشتن و تالانی ماڵو حاڵیان بەرەوا دەزانێ، لە بەرامبەر دابینکردنی ژیانێکی شیاوی مرۆیی و خولقاندنی دەرفەتی کارو پەیداکردنی بژیوی ژیانی ئەو گەلە نەك خۆی بە دەروەست نازانێ، بەڵکوو هەموو پەلەقاژە سروشتییەکانی رۆڵەکانی ئەو گەلە بۆ دابینکردنی لانیکەمی بژیوی ژیان بە ئاگرو ئاسن و کوشتن وبڕین وەڵام دەداتەوە. ئەوە نێوەرۆکی رێژێمیکی دژە مرۆڤ و سەرەڕۆیە کە تەنیا لە رێگەی سەرکوت و زەبروزەنگەوە درێژە بە تەمەنی خۆی دەدا. بەڵام بێ دەنگی لە هەمبەر ئەو هەموو جینایەتانەی رێژیم لە کوردستان لەلایەن چالاکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران لەگەڵ ئەوەی تاڵ و جێی داخە، ئەو دەرفەتەش بە رێژیم دەدا کە بێبەزییانەتەو بێترس و دڵەراوکێ درێژە بە جینایەتە دژی مرۆییەکانی لە کوردستاندا بدا.

# باخ لە لایپزیکدا

و. تەها ڕەحیمی

بەشی دووەم



لە مانگی ژوویيەدا بەشداری لە دوا عەشای ڕەبانیدا کرد، کە لە ماڵەکەی خۆیدا بەڕێوە چوو و سەرئەنجام بیست و هەشتەمی ئەو مانگە، لە دوای جەڵتەیەکی مێشك، لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دوا بەرهەمێك کە باخ توانی تەواوی بکات پرلودێکی کۆرا لە پێش بەرایی ئاوازدا بوو بۆ ئۆرگ، کە لە جێوباندا بە زڕکوڕەکەی، ئالتنیکولی نووسییەوە. ئەگەر نۆتەکانی دوایین میزانی ئەو بەرهەمەی کە بە ناوی "هەر ئێستا دێمە خستنی بارگەکەت" بەناو کراوە، بژمێردرێن و هەر کام لە نۆتەکان پیتێکی لاتینییان پێوە زیاد بکرێ، وشەی "bach" بەدەست دێ. ئەو کوراڵە زۆرتر دوای فوگی چوارەم، کە فوگێکی ناتەواوە، لێ دەدرێ و بە دوایین بەڕێوەبەری هونەری فوگ دەژمێردرێ. وا وێدەچێ باخ لە شاری لایپزیکدا توانیبێتی پێوەندییەکی گەرمو گوڕ لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ دامەزرێنێ. ناوبراو لە پێوەندییەکی کە لەگەڵ شاعیرێك بە ناوی پیکاندێر دایمەزراندبوو، زۆر سوودی برد. سباستیان و ئاناماگدالنا لە ماڵەکەیدا میوانداریی هاوڕێیان، خزم و کەس، مۆسیقازانان و ژەنیارانی هاوکاریان دەکرد، کە لە سەرانسەری ئاڵمانەوە سەردانی ماڵەکەیان دەکرد. ژەنیارانی دەربارەکانی دەرسیدێن و بێرلین و مۆسیقازانانی وەك گێۆرگ فیلیپ تلمان (یەکێك لە زڕبابەکانی فیلیپ ئیمانوێل) زۆرجار دەهاتنە لای و وێدەچێ لە ڕێگای نامەشەوە پێوەندییان دەگەڵ یەکتر هەبووبێ و ئاڵوگۆڕی نامەیان کردبێ. پێویستە بگوترێ گێۆرگ فرێدریك هەندل لە ساڵی لەدایك بوونی باخدا لە شاری هالە (کە لە ٥٠ کیلومیتری لایپزیکدا هەڵ کەوتوە) هاتبووە دنیا، بەڵام وێڕای ئەو هەموو گەڕانە قەت سەردانی باخی نەکرد. وێدەچێ باخ بەردەوام لەم کارەی گێۆرگ فرێدریك تووڕە بووبێ.

تایبەتمەندیی میتۆدی باخ لە سەر بناخەی شێرازەی کۆنترپۆئانی، تونیکە هێڵییەکان، پێشەنگی هارمۆنیك لە دومینتانتەکان و ریتمە جووڵەرەکان دامەزراوە، کە ئاوێتەی یەکتر دەبن و هەستی پێشەنگی بەدی دێنن. وەك زۆربەی ئاوازدانەرانی میتۆدی بارۆك، مۆسیقای باخ لە فۆرمی مۆتیڤی پەستاوتراودا پێشکەش کراوە. سەرچەشنی میلۆدیکی ئەو ریتمانەی کە لە سەرەتای بەرهەمەکەدا دەناسێندرێن، بەردەوام لە ڕێگای گەڕانەوەی میلۆدیك و کۆنترپۆئانی، هەڵبەز و دابەز لە کاتی دووپاتبوونەوە و جۆش و خرۆش و جوڵەی ئاوازەکاندا دەگۆڕدرێن.

ئەوڕۆکانێ شێوازی باخ کاریگەرییەکی زۆری لە دوای خۆی بەجێ هێشتوە، هەر لە سرووودە ڕۆحانییەکان و بەرهەمە ئایینییەکانەوە بگرە هەتا بەرهەمی پاپ و ڕاك. زۆربەی تێمەکانی باخ ـ بە تایبەتی تێمی توکاتا و فوگ لە مینۆردا ـ زۆرجار لە مۆسیقای ڕاکدا بەکار هێنراونەتەوە و زۆریش جێی پەسند بوون و کەوتوونەتە بەر دڵان.

بەرهەمی باخ بە ژمارەکانی BWU ـ سووککراوەی دێڕی ئاڵمانی Uorzeichnis Bach werke ـ ئەندکسیان بۆ دانراوە. ئەو پێڕستە کە لە ساڵی ١٩٥٠دا بڵاو بۆوە، وۆڵفگانگ شمایدێر کۆی کردوونەتەوە و لە سەر یەکی چنیون. پێڕستی ناوبراو بە جێی ئەوەی کە بە پێی زەمەنی دانانی بەرهەمەکە دابەش بکرێ، بە پێی جۆری بەرهەم دابەش کراوە. BWU1 تا ٢٢٤ بۆ کانتاتەکان، BWU ٢٢٥ تا ٢٤٨ بۆ بەرهەمی ئاوازی گەورە، BWU ٢٥٠ تا ٥٢٤ بۆ کوراڵەکان و ئاوازە پیرۆزەکان، BWU ٥٢٥ تا ٧٤٨ بۆ بەرهەمی ئۆرگ، BWU ٧٧٢ تا ٩٩٤ بۆ بەرهەمی کلاوەکانی دیکە، BWU ٩٩٥ تا ١٠٠٠ بۆ دانراوەکانی سازی ڕووت و پەتی (لخت و برهنە)، BWU ١٠٠١ تا ١٠٤٠ بۆ بەرهەمی مۆسیقای مەجلیسی، BWU ١٠٤١ تا ١٠٧١ بۆ مۆسیقای ئۆرکێستێری و BWU ١٠٧٢ تا ١١٢٦ بۆ کانۆن و فوگەکان. لە خڕکردنەوەی ئەو پێڕستەدا شمایدێر زیاتر چاوی لە Bach Gesellschaft Ausgabe ویراستی ئەنجوومەنی باخ، پێڕستی ئەو بەرهەمانەی ئاوازدانەر کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٥٠ تا ١٩٠٥ کۆ کراونەتەوە، کردوە.

*
*
*



## "دایک"

دایە ئەی ڕۆح و گیانم
بۆ من هەست و ڕازی تۆ
گەرمی باوەشت دایە
توخوا لە باوەشم کە
بم ژیێنە بە ئەو هەستەت
دایە بێ تۆ بێبەشم
بۆ خەوی من هەزار شەو
دەتگوت کوڕی شیرینم
لای لای تاکەی دایە گیان
بە قوربانت سەد گیانم
تۆ بە خوێن گەورەت کردم
تا بە هەر قومە شیرێك
ئێستاکەش کە لێت دوورم
مافی ژیانم دەخۆن
زۆرن هاوغەمت دایە
سەدان دایکی دڵ بەخوێن
تەرمان دەشۆن بە ئەسرین
دەژین لەگەڵ یەك وێنە
هەی ڕۆڵە ڕۆڵە دەکەن
هیوایان پێشمەرگەیە
منیش ئەو ژان لە دڵەم
باوەڕ لە جەستەم دایە
بە مەرگیش ناتکەم لە بیر
دایە ڕۆژێك دێمەوە
فرمێسکت بە لێو دەسڕم
ئیتر قەت ناهێڵم ژان
ڕاستی دایکی شیرینم
من وا جیرانی مەرگم
دایە زاڵمی بێشەرم
دەمکوژێ و دەڵی زیادیم
شایەت نەگەمەوە پێت
گەر نەهاتمەوە دایە
با ئالا بشەکێتەوە
هاوڕێ باوەش کە بەجێم
سەر بەرز بە بە ژینم
مەرگم بۆ نیشتمانە
ئەو هێندەی دڵ سووتاوە
بەسە بەس مەگری دایە
بە قەد فرمێسکەکانت
کە هاتی بۆ سەر گۆڕم
بە خوێن و خۆڵەوە دێم
بە لەشی ئەنجندراوم
بە زمان و ئەستۆی بڕاو
بە دڵی قەت نەسرەوتووم
دیسان دێمە ئامێزت
دەڵێم پاکی وەك خاکم
بۆ کورد سووتاوە جەرگت
بە فەرموودەی ڕێبەرمان
بۆ شەهیدان ناگرین
دایکان دایکی ئاگرن

مایەی ژین و ژیانم
شاژنی خاوەن شکۆ
نادەم بە ئەم دونیایە
وەك ئەستێرە گەشم کە
بمنێژە لە نێو جەستەت
غەریب و چارەڕەشم
نەهاتۆتە چاوت خەو
بۆ دوارۆژ دێن ئەسرینم
فیدای تۆ بن ژین و ژیان
بەرزیت وەك نیشتمانم
هێن گەورە کە بڵێم کوردم
خۆ ڕاگرم بۆ تیرێك
بۆ خاکمە و مەجبوورم
لە سەر چاوانم دەڕۆن
کەس لە هاوارو نایە
لە شوێنی خوێن دەگەڕێن
بۆ خوێن، خوێن دەگرین
دەیکەنە بە ئاوێنە
شیوەنی تۆڵە دەکەن
کە هیوای ئەم گەلەیە
شەیدای ئەم زێد و گەلەم
بە قەدرای عەشقت دایە
من ئەسیرم و تۆش ئەسیر
لە لات دەحەسێمەوە
بە گیان خۆشیت بۆ دەکڕم
بێتە دڵت دایە گیان
هەوێنی بوون و ژینم
مەرگە سوورایی جەرگم
بە تیری تیژی گەرم
چونکە تینووی ئازادیم
بێم و ماچ کەم خۆڵی پێت
بەڵگەی مەرگم ئالایە
کورد ڕۆڵەی دەبێتەوە
سەدیتر بنێرە ڕێم
بنازە بە نەژینم
ئەو دایکی هەموومانە
دایە دڵی نەماوە
مردن بۆ خاك ڕەوایە
دایە خۆم بە قوربانت
بەڵێن بێ خۆم نەگۆڕم
بە ڕقی تۆڵەوە دێم
سینگی لەت لەت کراوم
بە ئەشکی لێڵ و قوڕاو
بە هیوای هەردەم زیندووم
بێ ڕوحیش دەگرم ڕێزت
دایکە شەهیدی پاکم
نەکا ڕەش بکەی بەرگت
قاسملووی تاجی سەرمان
دەژین ڕێگەیان دەگرین
ناسووتێن قەت نامرن

ئاسۆ خەبات

## تاڵانکرانی پیشانگایەك لە بێرلین



لە ڕۆژەکانی پشووی ساڵی نوێی زایینیدا، ٣٠ بەرهەمی وێنەکێشە ناودارەکانی سەدەی بیستەم لە پیشانگایەکی بێرلیندا دزران. شایانی باسە کە زۆرینەی بەرهەمە دزراوەکان بەرهەمەکانی دوو وێنەکێشی بەرجەستە، پابلۆ پیکاسۆ و هێنری ماتیسن و نرخەکەیان بڕی ٢٥٠ هەزار دۆلارە.

## ساڵی تازە و پێشوازی لە فیلمە ئەمریکییەکان




دوایین هەوتووی ساڵی ٢٠٠٨ هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی فیلمگەلێکی زۆری ئەمریکی لە هۆڵەکانی سینەماکاندا. خەڵکی وڵاتانی مەسیحی ئەمساڵیش هەروەك ساڵانی ڕابردوو زۆر فیلمی هەستیارانە و مۆراڵخوازانەیان لە هۆڵە ناوەندییەکانی شاردا بینی. لە هۆڵەکانی قەراخ شاریشدا فیلمگەلێکی جیاوازتر، کە نێوئاخنێکی فرەچەشنتریان هەبوو، پیشان دەدران.

## فێردی هابێرد کۆچی دوایی کرد



ڕۆژی دووشەممە، فێردی هابێرد، یەکێك لە مەزنترین ئاوازدانەران و ژەنیارانی ستایلی جاز، لە تەمەنی هەفتا ساڵیدا دڵی لە لێدان کەوت.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No. 501   4 Jan 2009

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 -  MHZ: 11604 -
Polarization: Vertical  -  S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


# فیلمی کوێستانی قەندیل

## ( فیلمێك كە باس لە پێكەوەژیانی چوار پێكهاتەی كورد و عەرەب و فارس و تورك دەكا )



فیلمی سینەمایی کوێستانی قەندیل لە دەرهێنانی هونەرمەند تەها کەریمییە و ئێستا لە قوناغی وێنە گرتندایە.

لەم فیلمەدا چیرۆکەکانی ژیان و کولتووری هاوبەش و بەریەککەوتنی چوار نەتەوەیی کورد و تورك و عەرەب و فارس لە جوگرافیایەکی وەك کوێستانی قەندیلدا، بە زمانێکی سینەمایی دەگێردرێتەوە.

"مەترسن ئێمەش وەك ئێوە ڕێبوارین" یەکێك لە ڕەستەکانی ڕەسوڵی فرمێسك، (یەکێك لە ئەکتەرەکانی فیلمی کوێستانی قەندیل)ە، کە بە هەرچوار زمانی کوردی، تورکی و فارسی و عەرەبی دووپات دەبێتەوە. بیستنی چوار زمانی جیاواز ئاماژەیەکە بۆ ڕێگەپێدان بە دەرکەوتنی چوار نەتەوە، کە لە ناوچەیەکدا دەژین کە زۆرترین پێوەندییان بەیەکەوە هەیەو بانگەشەیەکە بۆ پێکەوەژیان و لەیەکتێگەیشتن. چیرۆکی ئەو فیلمە لە زمانی، ئەکتەری سەرەکی و ١٢٠ ئەکتەری لاوەکی ئەو چوار نەتەوەیەوە دەگێردرێتەوە.

سێ هونەرمەندی ناوداری کورد ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمی کوێستانی قەندیلدا دەگێڕن کە بریتین لە دەکتۆر قوتبەدین سادقی (مامۆستای شانۆ) و عەینەدین مەریوانی و هونەرمەند جومەر (سترانبێژی باکووری کوردستان)و کامەران ڕەوف (هونەرمەندی شانۆکاری باشووری کوردستان).

عەبدولرەحمان محەمەد ڕەحمان بەڕێوەبەری بەرهەمی فیلمی کوێستانی قەندیل سەبارەت بە ستافی کارەکەیان وتی ئەم فیلمی زۆربەی ستافەکەی پرۆفیشناڵە و لە وڵاتی ئێرانەوە هاتوون و هۆکارەکەی گەڕانەوە بۆ نەبوونی ستافی پشت کامێرا لە هەرێمی کوردستان.

فیلمی سینمایی کوێستانی قەندیل بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتیی هونەری سینەمای سلێمانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستانە و تەها کەریمی کاری دەرهێنان و کەیوان یوسفی کاری وێنەگرتنی بۆ دەکا.

سەرچاوە:  PNA

بەر لەماڵاوایی

# دەستپێکی ساڵی نوێ لە ژێر بارانی ئاگرو ئاسن دا

قادر وریا

لە بەرەبەری نوێبوونەوەی ساڵی نوێی زایینی و، لە دوای ساڵ نوێبوونەوەش، خەڵکی چەند ناوچەیەك، لە جیاتی خۆئامادەکردن بۆ جێژن و، خەریکبوون بە خۆشی و شادییەوە، ساتەکانی خۆیان لە ژێر بارانی ئاگروئاسن دا تێپەڕ کرد.

هەر لەم نزیکانەی خۆمان و لە داوێنەکانی قەندیل بەم زستانە خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی دەیان گوند لەژێر بۆمبارانی فڕۆکەکانی تورکیە و ئاگری تۆپخانەکانی ئێران، شەوو ڕۆژیان خستەوە سەریەك. لە شوێنێکی دوورتر لە کەرتی غەززە و باشووری ئیسرائیلیش، ژن و منداڵ و پیرو لاوی بێ تاوانی فەلەستینی و جوولەکە لە ژێر ئاگرو ئاسنی بۆمبەکانی فڕۆکە ئیسرائیلییەکان و ڕاکێتەکانی حەماس دا، ماڵاوایی‌یان لە ساڵی پار کردو پێیان نایە ساڵی نوێوە.

باس لە هەموو وێکچوون و جیاوازییەکانی خەڵکانی تووشبووی ئەم چارەنووسە و دەوڵەتانی پێوەندیدار بەو هێرشانە، ڕەنگە لە حەوسەلەی ئەم بابەتە بەدەربێ. بەو حاڵەش ناکرێ دوو جیاوازیی سەرەکی لە نێوان لایەنەکانی ئەوێ وئێرە باس نەکەین. بە پێچەوانەی حکوومەتەکانی تورکیە و ئێران کە هەمیشە دژی ڕێکەوتن لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارەکانی نەتەوەی کوردو، چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە دوو وڵاتی تورکیەو ئێراندا بوون، حکوومەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٩٤ەوە کە ڕێککەوتننامەی بنچینەیی لەگەڵ ڕێبەری فەلەستینییەکان مۆر کرد، ملی بۆ پێکهاتنی دەوڵەتێکی فەلەستینی لە دراوسێیەتیی خاکی ئیسڕائیل، داوە. لەو کاتەوە ئەگەرچی پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بە قۆرت و پێچی سەخت دا تێپەڕیوە و، جێبەجێکردنی زۆر لە خاڵەکانی ڕێککەوتن دواکەوتوون، بەڵام ئیسرائیل هەر ئامادەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی کە بە دیالۆگ و ڕێککەوتنەکان و ئاشتی پابەند بێ، قبووڵ بکا. دیارە ئیسرائیل تەرەفێکی لە بارەی عەقڵیەت و بیرکردنەوە جیاواز لە حەماسی، لە نێو دەسەڵاتی فەلەستینی دا هەبوو، بەڵام خۆبواردنی دەوڵەتەکانی ئیسرائیل لە جێبەجێکردنی بەوەختی بەشێك لە خاڵەکانی ڕێککەوتن، هیوا بەو تەرەفە (فەتح)و، هومێد بە ئاکامەکانی ئاشتیی لە نێو فەلەستینییەکان دا لاواز کرد و زەمینەی بۆ سەرکەوتنی ڕقەبەری فەتح واتە "حەماس" خۆش کرد. بەم جۆرە ئیسرائیلیش ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی لە سەرکەوتنی حەماس و لەدەستدانی تەرەفێکی مەعقووڵ دا هەبوو. دیارە هۆکاری دیکەش بۆ ئەو گۆڕانە سیاسییە لە دەسەڵاتی فەلەستینی دا هەبوون کە لەبەر درێژ نەبوونەوەی بابەتەکە خۆی لێ دەبۆێرم.

لەو ساتەوە حەماس، دەوڵەتی فەلەستینی گرتۆتە دەست، ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە پڕۆسەی ئاشتی دەستی پێکردوە، زیاتر کەوتۆتە مەترسی. حەماس دەیتوانی ئەگەر لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل، پێوەندی و هاوکاریی دوولایەنەشی نەبێ (کە ئەمەش سیاسەتێکی هەڵەیە)، لانیکەم بە ئاگربەس لەگەڵ ئیسڕائیل وەفادار بێ و ئامادەی درێژکردنەوەی بێ و، بە ڕێگای دیکەدا بۆ چارەسەری گرفتەکانی لەگەڵ ئیسرائیل هەوڵ بدا. بەڵام سیاسەت کردن و دەوڵەتدارەتیی بە عەقڵییەتێکی توندڕەوانەی نەگونجاو لەگەڵ ڕاستییەکانی سەردەم لە لایەك و، لە لایەکی دیکەوە پشتگەرم بوون بە یارمەتیی سیاسی، ماڵی و تەقەمەنی بێدریخی کۆماری ئیسلامی ئەم وەزعە دڵتەزێنەی بەرهەم هێناوە کە دەیبینین.

بەڵام لە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، ڕێژیمە دژ بە کوردەکان نەك هەر ئامادەی ڕێکەوتن لەگەڵ نەتەوەی بندەستی کورد نین، بەڵکوو خەباتی هێمنانەو مەدەنیی تێکۆشەران و چالاکانی ئەم نەتەوەیە سەرکوت دەکەن و بە بیانووی جۆراوجۆر دژیان دەوەستنەوە. ئەگەرچی نەتەوەی کورد لەم دوو بەشەی نیشتمانەکەیدا، لە هەبوونی کیانی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی و تەنانەت لە سەرەتاییترین مافەکانی بێبەشە، بەو حاڵەش چارەنووسی خۆی نەسپاردۆتە دەست عەقڵییەتێکی توندڕەو و چەقبوستوو. هەمووکات پێشوازی لەوە کردوەکە پرسە نەتەوەییەکەی بە شێوەیەکی هێمنانە چارەسەر بکرێ. لە ڕاستیدا ئەو هێزانەش کە چەکیان بۆ داکۆکی لە خۆیان گرتۆتە دەست (و بە ڕواڵەت هەر ئەم چەکە، لە لایەن ڕێژیمەکانی ئێران و تورکیەوە کراوە بە بیانووی هێرش بۆ سەر هەرێمی بنکەو پەناگاکانیان) خودی ئەو ڕێژیمانە تێی دا تاوانبارن.

لە هەر حاڵ تاوانبارانی سەرەکیی هەڵایساندنی شەڕ هەر دەوڵەت و لایەنێك بێ، هیچ لەمە ناگۆڕێ کە کوشتاری خەڵکی بێ‌تاوان و بێ‌دیفاع و، هەڕەشە بۆ سەر ژیانیان مەحکوومە. هەموو پەیماننامەو ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، کوشتاری خەڵکی بێ‌تاوان و لە مەترسی خستنی ژیانی ئەوان تەنانەت لە گەرمەی شەڕی چەکدارانەش دا مەحکووم دەکەن. ڕاستە حەماس بەرپرسی سەرەکییە لەو شەڕەی خەڵکی فەلەستین لە غەززە لەگەڵی بەرەوڕوون، بەڵام سیاسەت و کردەوەکانی حەماس بە هەر ڕادەیەکیش چەوت و چەپڕەوانە بن، حیسێبی ژن و منداڵ و پیرو لاوی بێ‌تاوانی فەلەستینی، دەبێ لە مووشەکهاوێژان و خۆکوژەکانی سەر بە حەماس، جیا بکرێتەوە. مرۆڤە بێ تاوانەکان کە ڕۆڵێکیان لە هەڵایساندنی شەڕدا نیە، چ ئیسرائیلی بن، چ فەلەستینی، جوو بن یا موسوڵمان یا بێدین، دەبێ گیان و ژیانیان پارێزراو بێ. هەر باوەڕ بەم ڕاستییەش وای کردوە داوای ڕاوەستانی  شەڕو کۆتایی‌هاتن بە کوشتاری مرۆڤە بێ‌تاوانەکان، ببێ بە داوای بیروڕای گشتی لە وڵاتانی جۆراوجۆری دنیادا. تەنانەت لە نێوخۆی ئیسڕائیلیش دا ئەم دەنگە بەرز بۆتەوە. بەڵام جێی داخ ئەوەیە ئەم بیروڕا گشتییە، تەنیا کوشتارەکەی ئەوێ دەبینێ و، ئاوڕێکی لە وەزعی دڵتەزێنی دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و ژیانی پڕ لە مەرگەساتی ئەوان لە بن ئاگربارانەکانی تورکیەو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، نەداوەتەوە.

# بڵاوکراوەیەکی خوێندکاری لە زانکۆی کرماشان داخرا



لە درێژەی گوشارەکانی ڕێژیم بۆ سەر خوێندکاران و پێش گرتن بە چالاکییەکانیان، بڵاوکراوەی "تاق وسان" داخرا.

بڵاوکراوەی خوێندکاریی "تاق وسان" لە زانکۆی کرماشان بە هۆی سکاڵای شوڕای فەرهەنگیی زانکۆی ڕازی و بە بڕیاری جێگری خوێندکاریی فەرهەنگیی ئەم زانکۆیەو بەرپرسی کۆمیتەی چاودێری بە سەر بڵاوکراوە خوێندکارییەکانی ئەم زانکۆیە، (عەلی بیدمێشکی پوور) داخرا.

شایانی باسە کە پێشتریش ئەم بڵاوکراوەیە بە هۆی بڵاوکردنەوەی بابەتێك سەبارەت بە دەستدرێژیی جێگری حەراسەتی زانکۆ بۆ سەر کچە خوێندکارێکی ئەم زانکۆیە، بە سکاڵای حەراسەتی زانکۆی ڕازی بۆ ماوەی سێ مانگ ڕێگە لە دەرچوونی گیرا.

# چاپکراوی نوێ




ناوی کتێب: سیاسەت چیە؟

نووسەر: ژولین فروند

وەرگێڕی فارسی: عەبدولوەهاب ئەحمەدی

وەرگێڕی کوردی: عەولا بەهرامی

ساڵی چاپ ٢٠٠٨

چاپ: دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی هێڤی

# بە هۆی بڵاو کردنەوەی بابەتێك ڕۆژنامەی کارگوزاران داخرا




بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی ئیرنا ڕۆژی چوار شەممە دەزگای چاوەدێریکردن بە سەر چاپەمەنییەکان دا ڕۆژنامەی کارگوزارانی بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی بابەتێك کە تێیدا ڕەخنە لە چەکدارە فەلەستینیەکانی کەرتی غەززە گیراوە، داخست.

محەمەد پەرویزی بەرپرسی کاروباری ڕاگەیاندنی سەر بە وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی بە ئاژانسی هەواڵی ئیرنای ڕاگەیاند: بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەی کارگوزاران پێوەندیی بە بڵاو کردنەوەی بابەتێکەوە هەیە سەبارەت بە بۆردومانەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە و ناوبرنی چەکدارە فەلەستینیەکان بە تیرۆریست و پاساوهێنانەوە بۆ بێتاوانیی ئیسرائیل. نابراو گوتی: بەم زووانە ئەو پەروەندەیە ڕەوانەی دادگا دەکرێ.

هاوکات مورتەزا ساجدییان بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ناوبراو داخستنی ڕۆژنامەکەیانی پشتڕاست کردەوە و ڕوونیکردەوە مەبەست لە بڵاو کردنەوەی ئەو بابەتە بانگەشەیەك بووە بۆ دەفتەری تەحکیمی وەحدەت کەسەر بە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازانە.

